دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٦٩

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

چوار شەممە ● ١٥ی خەرمانانی ١٣٨٦ ● ٥ی سێپتامبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠

## هێزەکانی تورکیە لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هێرش دەکەنە سەر قەندیل

شەوی شەممە رێکەوتی ١١ی خەرمانان، هێزەکانی تورکیە بە نهێنیو بە ١٨ ئوتوبوسی ئێرانی هاتوونو لە "قەبری وسێنی" لە بناری قەندیل دابەزیون.

شایانی باسە ئەم هێزەی سوپای تورکیە لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئێرانو تورکیە پێك هاتوە بۆ زەبر لێدان لە گریلاکانی PKKو شێواندنی ئارامیی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هاتوونە سنوورەکانی ئێرانو هەرێمی کوردستان.

### دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

## دەستدرێژیی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان مەحکووم دەکەین



لە وتووێژێکی تایبەت دا کە تەلەڤیزیونی کاناڵی کورد بڵاوی کردەوە، کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تیشکی خستە سەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی هێرشی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، دژایەتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانو جێگیربوونی دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستانی بە ئامانجی سەرەکیی ئەم هێرشانەی کۆماری ئیسلامی زانی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردووش دا بە شێوەی جۆراوجۆر دوپات بۆتەوە. بەرێز کەریمی رایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەریمی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکاو داواکارە پێش بەو هێرشانە بگیرێ. بەرپرسی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سنوورەکان کە رێژیمی ئێران وەك هۆی سەرەکی بۆ دەست پێکردنی ئەم هێرشانە ناوی بردوە بە بیانوویەك بۆ درێژەدانی دوژمنایەتی لەگەڵ حکوومەتی هەریمی کوردستان ناوبردو گوتی بەربەرەکانی راستەقینەو بە هێزی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەك لە سەر سنوورەکان بەڵکوو لە نێوخۆی کوردستانی ئێران دایە.

## کۆبوونەوەی نوێنەرانی هێزە نەتەوەییەکانی ئێران لەگەڵ مامۆستا حەسەنزادە



رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ زایینی کۆمەڵێك لە هێزە سیاسییەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران لە شاریئۆسلۆ پێتەختی نۆروێژ چاویان بە بەرێز مامۆستاعەبدوڵڵا حەسەنزادە کەوت. لەو دیدارەدا کە سێ کاتژمێری خایاند هەندێ مەسەلەی پێوەندیدار بە گەلانی ئێران و جوولانەوەی مافخوازانەی وان بۆ وەدیهێنانی مافە رەواکانیان درایە بەر باسو وێرای داکۆکی کردن لەسەر درێژە پێدانو بەرینتر کردنی ئەو بزاڤە ئازادیخوازانەیە، بنەماکانی هاریکاریو هاو خەباتیی دوولایەنەو چەند لایەنەی ئەو هێزانە هەڵسەنگێندرا. هەر لەو دیدارەدا ئەگەری پێکهێنانی بەرەیەکی گشتگیر لە هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانو نوێنەرانی گەلانی بندەست بە مەبەستییەکخستنی تواناکان بۆ بەرگری لە گەلانی ئێران لە بەرانبەر رێژیمی سەرەرۆو مافکوژی کۆماری ئیسلامی دا شرۆڤە کرا. لە کۆتایی کۆبوونەوەشدا جەخت لەسەر هاوکاریی هەرچی زیاتری نوێنەرایەتی ئەو هێزانە لە وڵاتی نۆروێژ کرایەوە. شایانی باسە کە هەیئەتی هاورێ لە گەڵ رێزدار مامۆستا حەسەنزادە لەو دیدارەدا لە بەرێزان، هاشم رۆستەمی، محەممەد گادانی، کەریم ئەڵلا وەیسی، ئەسعەد خزری، ئازاد رۆستەمیو سەلاح عەبدوڵڵا پوور پێك هاتبوو. هەروەها نوێنەرانی ئەم هێزە سیاسییانەش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون:

ـ حیزبی خەڵکی بەلووچستان، ـ پارتی سەربەخۆی کوردستان، ـ ئەنجومەنی ئازەربایجانی لە نۆروێژ، ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، ـ جەبهەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز، ـ جبهە العربیە لتحریر الاحواز، ـ رێکخراوی داکۆکی لە مافە مرۆییەکانی ئازەربایجان، ـ کۆنگرەی نەتەوەیی بەلووچستان.

## سەردانی شاندێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە دەفتەری سیاسیی حیزب




رۆژی دووشەممە ١٢ی خەرمانان، شاندێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) کە پێکهاتبوو لە بەرێزان: ئیبراهیم عەلیزادە دەبیری یەکەمی کۆمەڵە، حەسەن رەحمان پەنا، عوسمان رەمەزانی، سروە ناسری، ئەحمەد ساڵحی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەو شۆکی ئەحمەدی ئەندامی کومیتە ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەرێزان: جەلیل گادانی راوێژکاری دەفتەری سیاسی، مستەفا مەولوودی، حەسەن قادرزادە، کەماڵ کەریمیو عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو محەممەد حەسەنپوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێشوازییان لێ کرا. لەم دانیشتەدا وەزعییەتی ئێرانو کوردستان بەتایبەتیو هەروەها وەزعییەتی هەرێمی کوردستانو تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانو وەزعییەتی خەڵکی ئاوارەبووی ئەو ناوچانەو کاریگەریی ئەو هێرشانەی کۆماری ئیسلامی خرانە بەرباس. شایانی باسە لەم دیدارە هەر دوولایەن لەسەر پتەو کردنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەر دوولاو پەرەپێدانی هاوکاریی دوو لایەنە پێیان داگرتەوە.

## لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان بەشکۆیەکی تایبەتەوە یادی ٦٢ ساڵەی دامەزرانی حیزب کرایەوە



بەبۆنەی ٦٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە چەند وڵاتی جیهان رێورەسمی تایبەتی بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتانەو نوێنەرانی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان، بەرێوەچوون. لە وڵاتانی نۆروێژ (شاری ئوسلۆ)، لە سوئێد "شارەکانی ڤێستروٚسو یوتوبوری)، لە کانادا (شاری لەندەن) و لە ئەمریکا بەم بۆنەیەوە مراسمی گەورە پێك هاتن.

## تێکهەڵچوونی هێزەکانی رێژیمو بازاڕیانی مەهاباد

دوای ئەوەی کە ئێوارەی ١٠ی خەرمانان ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد هەڕەشەی لە باوەڕپێکراوانی بازاڕی مەهابادی کردبوو کە نابێ سەبارەت بە پەرەسەندنی مادده سڕکەرەکان مان بگرن لەم پێوەندییەدا رۆژی ١١ی خەرمانان سەعات ٨/٣٠ بەیانی هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم بە فەرماندەیی کەسێك بە ناوی "عالی فهم" هێرشیان کردە سەر بازاڕو بازاڕچەی مەرزیی مەهابادو قفڵی دووکانەکانیان شکاند. لەو پێوەندییەدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێر دەرگیری لەنێوان لاوانو هێزەکانی رێژیم ساز بوو و تەنانەت هێرش کرایە سەر دەستفرۆشەکانی بەر دووکانەکانیش کە حازر نەبوون کەلوپەلەکانیان بۆ فرۆشتنن دابنێن. شایانی باسە چەندین لاوی مەهاباد لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر کران کە یەکێك لە گیراوەکان "فایقی فەیاز" لە چالاکانی بازاڕی مەهابادە.



سیمیناری سیاسیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە نۆروێژ ٢


تۆپبارانکردنی باشووری کوردستان،مەبەستەکان و ئاکامە چاوەروانکراوەکانی ٢


لە یادی ١٩ ساڵەی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا ٤


قاڕنێ لە ١١ی خەرمانانەوە تا ١١ سێپتامبری نیویۆرك ٥


وتووێژ لەگەڵ مامەند رۆژە ٩

# تۆپبارانکردنی باشووری کوردستان، مەبەستەکان و ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی

سامان فەقێنەبی



ماوەیەکە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن سوپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە چڕتر بۆتەوەو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی دانیشتووی گوندەکانی سەر سنوور ناچار بوون ماڵو زەوییەکانیان چۆڵ بکەنو ئاوارەی شارە سنوورییەکان بن.

لەم پەیوەندییەدا، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە چوارچێوەی لۆژیکی هەمیشەییو بێ بنەمای خۆی دا، هۆکاری ئەم کردەوەیە کە دژی هەر چەشنە عورفێکی نێودەوڵەتیو دیپلوماتیکە، بە هەبوونی گرووپەکانی ئوپۆزیسیونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستانەوە گرێ دەداو لەو ڕێگایەوە تێدەکۆشێ کە پاساوو بیانوو بۆ شاردنەوەی مەبەستە سەرەکییەکانی دەستەبەر بکا:

لێرەداو لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنو تاوتوێ کردنی ئەم مژارەو بە لەبەر چاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو هەلومەرجی ئێستای ناوچە، چەند خاڵی سەرەکیی دەخەینە بەر باس:

١ـ روونو ئاشکرایە کە حوزوورو چالاکیی گریلاکانی "پژاك" لە ناوچەکانی سەرسنوور بە تایبەت "قەندیل"و خنێرە"، دەکرێ بە یەکێك لە پاساوە سەرەکییەکانی ئەم هێرشەی ڕێژیمی ئێران لە قەڵەم بدرێ، کۆماری ئیسلامی بە هۆی تایبەتمەندیی پۆپۆلیستیی خۆیو بە مەبەستی چەواشەکاریو بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی زۆر لە سەر ئەم خاڵە پێ داگری دەکاو تێدەکۆشێ وا نیشان بدا کە گوایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرینگییەکی ئەوتۆ بە پاراستنی سنوورەکانی ناداو ئەم ناوچانە بەم هۆیەوە، بوونەتە مەکۆی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە ئێستاکە بە پێویستی زانیوە کە خۆی قۆڵ هەڵبکا! و ئەم شوێنانە لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی پاك بکاتەوە! بەڵام پارادۆکسی ئەم بە ڕواڵەت ئیستیدلالەی ڕێژیم لەوە دایە کە هەر خۆی لە چوارچێوەی پراکتیزە کردنی دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕش (صدور انقلاب)دا، لە هیچ چەشنە یارمەتییەکی ماڵیو لوژستیکی گرووپە تێرۆریستە ئیسلامییەکان دەریغ ناکاو بەردەوام ئەم گرووپە فەندەمینتالیستانە دژ بە دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان هان دەداو بەکاریان دێنێ. ڕێژیمێك کە خۆی سنوورەکانی بۆ هەڵسووڕانی تێرۆریستان ئاوەڵا کردبێ، بێگومان مافی ئەوەی نیە کە ئامۆژگاری بداتە حکوومەتی هەرێم کە سنوورەکانی بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکا.

٢ـ یەکێك لە هۆکارەکانی تری میلیتاریزە کردنی سنوور لەلایەن ئێرانەوە، دەکرێ بە مەسەلەی ئاڵۆزیو گرژ بوونەوەی زیاتری کێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیو ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە ببەستینەوە. هەنووکە لە هاوکێشە سیاسیو نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، عێراقو هەرێمی کوردستان جێگایەکی تایبەتییان بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێی نێوان ئەم ڕێژیمەو ولاتە یەکگرتووەکان، هەیەو لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێرانەوە، عێراقو هەرێمی کوردستان ناراستەوخۆ وەکو گۆرەپانی دژایەتی لەگەڵ پرۆژەکانی ئامریکا سەیر دەکرێن. هەر لەم چوارچێوەیەدا شێواندنی ئارامیی هەرێمی کوردستانو تێکدانی سەقامگیریی ئەم هەرێمە، ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناسەرکەوتوو نیشان دانی حوزووری ئامریکا لە ناوچەدا دەستەبەر دەکاو لەو نێوەدا لەبار چوونی ئارامیی ناوچە، متمانەو باوەڕی جیهانی لە مەڕ سەرکەوتنی ئامریکا لە پرۆسەی دێموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا پتر تووشی لاوازی دەکا بۆیە دەکرێ بگوترێ هەر گوللە تۆپێك کە بە هەرێمی کوردستانەوە دەنرێ، لەلایەن کارگێڕانی سیاسەتی ڕێژیمەوە، وەك زەربەیەك دژ بە مەبەستو ئامانجەکانی ولاتە یەکگرتووەکانەوە سەیر دەکرێ. هاوکات لەم نێوەشدا، ڕادەی دژ کردەوەی ئامریکا لە بەرامبەر ئێران، بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی روون دەبێتەوەو بێشك چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەی دیپلۆماتیكو ڕەنگە سەربازیی ئامریکا لەگەڵ ئەم مەسەلەیە، گەلێك ئەزموون دەخاتە بەردەم تیۆریسیەنەکانی ئەم ڕێژیمە لە تاران. سەرانی کۆماری ئیسلامی لە چاوەڕوانیی ئەمە دان کە وەك تاقی کردنەوە، ڕادەی دژکردەوەی ئەمریکایان لەم بارەیەوە بۆ دەرکەویو لە ئیستراتیژیی داهاتووی خۆیان دا لە بەربەرەکانی لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا لە بەر چاوی بگرن.

٣ـ هۆیەکی دیکەی ئەم زەختو گوشارانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر هەرێمی کوردستان، بریتیە لە دروست کردنی ، درزو کەلێن لە پێوەندیی ئۆرگانیکی لایەنە سیاسییەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. ئەم ڕێژیمە وەکوو سەرجەم دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکانی تر، بە مەبەستی شاردنەوەی فەزای سەرکوتو سانسۆر لەنێو خۆ، ڕێگای "فرافکنی" گرتۆتە بەرو وەك نەریتێکی هەمیشەیی لە جیاتی ئەوەیکە لانی کەمی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابین بکا، دژایەتیو هێرش بۆ سەر شۆڕشگێرانی کورد لە خاکی ولاتێکی دراوسێی وەك ئالتێرناتیڤ هەڵبژاردوەو لەم پێناوەشدا بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە هێزە نیشتمانییەکانی باشووری کوردستان، ناچار بکا کە لەمپەرو ئاستەنگ بخەنە سەر ڕەوتی بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بارەیەشەوە ڕێژیم تەنیا بە جێ مانی خۆی لە زەمانەو ڕەوتی ڕووداوەکان دەسەلمێنێ.

لە ڕاستیدا هەنووکە ئاستی وشیاریی نەتەوەیی لە هەر دوو بەشی کوردستان (باشوورو ڕۆژهەڵات) گەلێك بەرز بۆتەوەو ئەقلانیەتی سیاسیو پراکتیکی باڵی بە سەر هەڵسوکەوتی پارتە سیاسییەکانی ئەم دوو بەشە داکێشاوەو یەکگرتوویی نەتەوەییو لە کزی دانی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی لە نێو سەرجەم هێزە نەتەوەییەکانی ئەم دوو بەشەی کوردستان دا بەدی دەکرێ. ئەمرۆکە ئاخێوی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان تا ئەو ڕادەیە گشتگیر بووە کە ئەم جۆرە هەوڵە نەزۆکانەی کۆماری ئیسلامی، لە توانایاندا نیە تووشی داڕمانی بکا.

بەگشتی جێی خۆیەتی کە دووپات بکرێتەوە تۆپبارانکردنی سنووری هەرێمی کوردستانو شێواندنی باری ئارامیی باشووری کوردستان، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی ئەم بەشە لە کوردستان تووشی ئاستەنگ بکا، ئەوە کۆماری ئیسلامی خۆیەتی کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەرەنجامەکانی ئەم پەلامارە بێ کەڵکە، بەرۆکی پێدەگرێو لە ڕاستیدا هەر یەك لەو گوللە تۆپانەی کە بەرەو خاکی باشووری کوردستان دەهاوێژرێن، بێزارییەکی زیاتر لە نێو ناخی تاکەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دروست دەکاو بەرپرسیارێتیی پێشهاتە تاڵەکانی ئەم کردەوەیەی ڕێژیم لە داهاتوو دا، تەنیاو تەنیا دەکەوێتە ئەستۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.



## سیمیناری سیاسیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە نۆروێژ



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٠٨/٢٦ لە شاری لیلەسترۆم کە لە دەوروبەری ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆروێژ هەڵکەوتوە بە بەشداریی زیاتر لە ٣٥٠ کەس سمینارێك لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە بەڕێوە چوو:

پاش ڕاگەیاندنی ریزی بەرنامەکان لە لایەن کاك خوسرەو قادرییەوە، لە لایەن کۆڕی سروودی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سروودی "ئەی ڕەقیب" خوێندرایەوە. بە دوایی ئەو دا دەقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان ڕاگەیەندرا. دواتر بەڕێز کاك جەعفەر حامیدی، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی دەرەوەی وڵات، لە لایەن کۆمیتەی نۆروێژەوە بە گەرمی بە خێرهاتنی میوانان، نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی کرد. پاشان بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە باسەکەی پێشکێش کرد. کە تەوەری باسەکانی لە چوار خاڵ دا ڕاگەیاندو بریتی بوون لە:

- باس لە سەر نەتەوەی کورد بە گشتی
- باس لەسەر ئەو ناوچەیەی کە کوردستانی تێدا هەڵ کەوتوە
- وەزعییەتی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان
- باس لەسەر تەشکیلاتی ناوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لەبەڕێز حەسەنزادە هاوپێوەندیی نەتەوەی کورد مامۆستا وتی: "هاوپێوەندیی نەتەوەیی کە ئێستا سەرەتایە باشە، بەڵام لاوازە. ئەوە کە دەڵێن کورد یەك نەتەوەیەو یەك وڵاتە دەتوانێ هاوپێوەندیی هەبێ کە بۆ داهاتوویەکی دوور بڕوانێ، ئەرکی سەر شانی هەموانە، بەڵام ئێستا باشووری کوردستان ئەو مەسئولییەتەی زیاتر لەسەر شانە. دەبێ بڵێین کە ئێمە نەمان توانیوە مەسەلەی کورد باش بەرینە نێو کۆڕو کۆمەڵەکانی جیهانی. بۆ وێنە ئێستاش هەر دەڵێن شیمالی عێراق لە جیاتی کوردستان. ئەوە لە کاتێك دایە کە لە دەستووری عێراق دا وەك کوردستان دانی پێدانراوە".

بەشێك لە وتەکانی بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی حیزبی دێموکرات کردو وتی:

بە بێ گومان ئەو لەتبوونە بۆ هەموو دڵسۆزانی کورد ڕووداوێکی ناخۆش بوو. بۆ ئەو بەشەی ئێمە لە هەموان ناخۆشتر بوو. ئەوە حیزبی ئێمە بوو لەت بوو. چونکە بە دەستی ئێمە گەورە ببوو بە شانو پیلی ئێمە گەیشتبووە ئێرە.

بەشی یەکەمی سیمینارەکە کە گشتی بوو لە کاتژمێر ٣/٥ دوانیوەڕۆ بەشداربووان کۆتایی پێ هات. بەشی دووهەمی سیمینارەکە بۆ بەشداریی ئامادەبووان لە پرسیارو بۆچوونەکان دا تەرخان کرابوو.





**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دێموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## مەریوان

### بەهۆی تەقەی هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دوو کەس گیانیان لەدەست دا

شەوی ٢٩ی گەلاوێژ، هێزەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعات لە سێڕێیانی "نێ" تەقەیان لە دوو کەسی خەڵکی ئاوایی "وەیسە" کردوەو کوشتوویانن. ناوی کوژراوەکان بریتین لە ١ـ کەماڵی خولە خەیاڵ، ٢ـ ئەبوبەکری عارفە دووبل.

## بانە

### ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێڕەوارەکانی "ئاربەبا"و "دووزین"ی ئاور تێبەر دا

ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ، هێزەکانی ڕێژیم ئاگریان لە لێڕەوارەکانی "ئاربەبا"و "دووزین" بەرداو زەرەرو زیانێکی گەورەیان بە ژینگەی ناوچەکە گەیاند. ڕێژیم بۆ چەواشەکاریش وای نواندوە ئەم لێڕەوارانە لەلایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو لە شەوی ٢٥ی گەلاوێژ ئاور دراوە.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کارەی هێزەکانی ڕێژیم هەموو لایەك ئاگادار دەکەینەوە، ئەندامانی حیزبەکەمان بە پێڕەوی لە سیاسەتەکانی حیزب خزمەت بە ژینگەی وڵاتەکەیان دەکەن و دەیپارێزن.

### لە تەقینەوەیەکدا چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون

ڕێکەوتی ٣١ی گەلاوێژ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێك لە ماشێنێکی هەڵگری هێزەکانی ئینتیزامیدا لە نزیك بازگەی سەبەتلوو ٢ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و چەند کەسیش بریندار بوون. شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر هەر لەم شوێنە هێزەکانی ڕێژیم تەقەیان لە ماشێنێکی هەڵگری سووتەمەنی کردو بەهۆی سووتانی ماشێنەکە ٣ کەس گیانیان لەدست دا.

## شنۆ

### تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاروانچییان

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٦/٦/١ لە کوێستانەکانی کێلەشین بە کرێگیراوانی ڕێژیم تەقەیان لە کاروانچیان کردو کەسێکیان بە ناوی محەمەد جودەت کوڕی عەلی خەڵکی شاری شنۆ بریندار کردو چەند ئەسپی کاسبکارانیان کوشت.

## نەغەدە

### زەرەری گیانیو مادییەکانی خەڵك لە ئاکامی هاتنی لافاو

ڕۆژی پێنج شەممە ١ی خەرمانانی ١٣٨٦ لە گوندی شاوەلەی سەر بە نەغەدە لە ئاکامی بارینی باران و هەستانی سێڵاو لافاوێکی لە ناکاو زەرەر و زیانێکی گیانی وماڵیی زۆر بە دانیشتوانی ئەم گوندە گەیشت کە بە هۆی کوژرانی ٧کەس لە دوو بنەماڵە کە ناوەکانیان بریتیە لە:

بنەماڵەی ڕەسووڵ ڕەش ناسراو بە ڕەسووڵ مەناف ـ کولسووم ڕەسووڵ زادە خێزانی ڕەسووڵ، ـ عایشێ ڕەش کچی ڕەسووڵ، ـ مەستوورە ڕەش کچی ڕەسووڵ

بنەماڵەی دەروێش محەممەد وەهاب زادە ناسراو بە مام دەروێش، ـ حەلیمە خێزانی مام دەروێش، ـ زێنەب بووکی مام دەروێش، ـ میرزا نەوەی مام دەروێش، ـ نەوەیەکی دیکەی مام دەروێش.

جگە لە کوژران و بریندار بوونی ئەو چەند کەسە زرەر و زیانێکی زۆری ماڵی بە خەڵك.

## بۆکان

### کۆچی دوایی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب

شەوی ١٣٨٦/٦/٣ ئەندامێکی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی حاجی عەولاّی ڕەحیمی لە تەمەنی ٨٢ سالی دا کۆچی دوای کرد.

حاجی عەولاّ لە سالی ١٣٥٧ بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەك ئەندامێکی چالاکی حیزب تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی ئەرکی حیزبی خۆی بەڕێوە برد. ناوبراو جارێك ساڵی ١٣٣٢ لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی و دواجار لە سالی ١٣٦٠بە هۆی لایەنگری لە حیزب، لەلایەن ڕێژیمی ئاخوندی بە یەکجاری لە گوندەکەی خۆیان دەرکراوە.

حاجی عەولاّ کوڕێکی قارەمانی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بە ناوی محەممەد ڕەحیمی لە بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە سالی ١٣٦٥ شەهید بوو. بەم بۆنەیەوە وێڕای هاوخەمی، سەرەخۆشی خۆمان لە بنەماڵەو کەسوکاری حاجی عەولاّی ڕەحیمی دەکەین.

## مەریوان

### تێکهەڵچوونی خەڵكو هێزەکانی پشکنینی خانووبەرەی شارەوانیی مەریوان

دوانیوەڕۆی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧ی خەرمانان، کۆمەڵێك فەرمانبەری فەرمی شارەوانیشیان دەگەڵ بوو بۆ ڕووخاندنی خانووە دروستکراوەکان ڕوویان کردە گەرەکی "سەردۆشییەکان"، خەڵکی گەڕەکەکە بە دیتنی ئەوانو ئامێرەکانیان لە ترسی ڕووخاندنی ماڵەکانیان وەبەر بەردیان دان لە ئاکامدا ناچاریان کردن ڕا بکەن.

## سنە

### دەستبەسەرکرانی کوڕێکی سنەیی بە هۆی نادیارەوە

"موسلیم سەعید پوور" ٢٨ ساڵە خەڵکی سنە دانیشتووی شارۆچکەی نایسەر ماوەی نزیك مانگێکە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە ڕفێندراوەو بنەماڵەکەشی نەیان توانیوە چاویان پێی بکەوێ. شایانی باسە چەند ڕۆژ لەمەوبەر ناوبراو دەگەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی "سەباح دۆستی" کە ئەویش نزیکەی دوو مانگە لەلایەن ئیتلاعاتەوە گیراوە گوازراوەتەوە بۆ گرتووخانەی ناوەندی سنە.

### بەشداری لە ڕێورەسمی ساڵوەگەری دامەزرانی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی ٩ی خەرمانان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی، سیامەك وەکیلی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو ئەحمەد سادق پوور کادری حیزب لە ڕێورەسمی بیستوحەوتەمین ساڵوەگەری دامەزرانی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێراندا بەشدارییان کرد.

شایانی باسە لەو ڕێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسی حیزب لە لایەن حەسەن قادرزادەوە پێشکێش کرا.

### چەند چەکدارێکی نەناسراو ٦کەسی هێزە ئینتزامیان کوشت

کوردستان و کورد: لە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان، لە ناوچەی " دربەند دزلی" نزیك مەریوان هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم کەوتنە بەر دەسرێژی چەند چکدارێکی نەناسراو و لە ئاکامدا ٦ کەسیان لێ کوژرا.

شایانی باسە بەدوای ئەو ڕووداوە هێزەکانی ڕێژیم بە توندی ناوچەکەیان خستۆتە ژێر چاوەدێری و خەریکی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە خەڵکین.

## پیرانشار

### هێزەکانی ڕێژیم لە سنووری حاجی ئۆمەران کاروانچییەکیان کوشت

ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان، هێزەکانی ڕێژیم لەسەر ڕێگای "برایم شیلان" کە ڕێگای هاتوچۆی کاروانچیانە، تەقەیان لە دەستەیەك کاروانچی کرد کە لە حاجی ئۆمەرانەوە بەرەو سنوور دەگەڕانەوە. لە ئاکامدا کەسێك بە ناوی ئەمیر پیرداودی کوڕی ڕەسوولی حاجی برایم خەڵکی گوندی "شیناوێ" کوژراو ٢ کەسی دیکەش بەم ناوانە بریندار بوون:

ـ بەخالیدی سۆفی عەولاّ، ـ مرادی مەلا محەممەدی

### کوژرانی بەکرێگیراوێکی بەناوبانگ

لە تێکهەڵچوونی ڕۆژی سێشەمە ١٣٨٦/٦/١٣ دا کە لەنێوان هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو گریلاکانی پەژاك لە چیاکانی قەندیل دا، جاشی بەناوبانگ گوڵاوی ئەفشین کوژراوەو چەند کەسی دیکە لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمیش بریندار بوون.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### چاوپێکەوتنێکی نوێنەری حیزب لەگەڵ سیناتۆر ئەندرو بارتلێت لە حیزبی دێموکراتی ئوستralia

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٢ کاك سەلاح پوورئەسەد بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئەیالەتی کوینزلەندی ئوستralia سەردانی سیناتۆر ئەندروبارتێلی لەشاری بریزبێن کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە یەك کاتژمێری خایاند کاك سەلاح باسی ڕووداوە گرینگەکانی ئەم دوایانەی کوردستانو ئێرانی کردو ئاماژەی بە گرتنی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەو حوکمی ئیعدامی دوو ڕۆژنامە نووسی کورد عەدنان حەسەن پوورو هیوا بووتیمار بۆ ئەندرو بارتلێت کرد.

بەڕێز بارتلێت زۆر بە توندی کردەوەکانی ئەم دوایانەی کۆماری ئیسلامیی دەرحەق بە ڕۆژنامەنووسانو بەتایبەت دانی حوکمی ئیعدام بە دوو ڕۆژنامەنووسی کورد مەحکووم کردو بەڵێنی دا کە لەم بارەیەوە نامە بنێرێت بۆ وەزیری دەرەوەی ئوستralیاو لە هەمان کاتدا ئەم کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی لە قاو بدا.

هەر لەم دانیشتنەدا باسێك لەسەر پەنا بەرانی کورد لە تورکیە کرا کە چەندین ساڵە لە ژیانێکی زۆرناخۆش دانو لەلایەن حکوومەتی تورکیەو ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان دا پشت گوێ خراون. بەڕێز ئەندرو ڕایگەیاند کە بە نووسراوە نەزەراتی خۆی بۆ باڵوێزی تورکیە لە وڵاتی ئوستراڵیاو ڕێکخراوی پەنابەرانی سەر بە یوئێن دەنێرێت.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا کاك سەلاح ئاغای بارتلێتی لە تۆپ بارانی ئەم دوایانەی گوندە سەر سنوورییەکانی کوردستان لە لایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە ئاگادار کرد.

لە دوایین بەشی کۆبوونەوەکەدا باسی کۆنگرەی ١٤ حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا کە قەرارە لە چەند مانگی داهاتوودا پێك بێ، بەڕێز بارتلێت هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەی ١٤حیزب خواست.

### دیدار لەگەڵ "ئانەڤان لانکر " ئەندامی پارلمانی ئورووپا




ڕێکەوتی ٢٩ی ئاگوست کاك کاوە ئاهەنگەری بەرپرسی کومیتەی بێلژیكو نوێنەری حیزب بۆ پارلمانی ئورووپا دیدارێکی لەگەڵ خانمی "ئانەڤان لانکر" ئەندامی فراکسیۆنی سوسیال دێموکرتەکانی پارلمانی ئورووپا لە بروکسێل پێك هێنا. لەم دیدارەدا کاك کاوە ئاهەنگەری سەرەتا کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانو خەباتو چالاکییەکانی حیزبی بۆ بەڕێزیان باس کردو دواتر بە ڕوونی لەسەر بارودۆخی سیاسی، کلتووری، ئابووریو کۆمەڵایەتیی کوردان لە ئێراندا دوا. لە درێژەدا ویستو داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێراندا هاتنە گۆڕێ. نوێنەری حیزب داواکاری داکۆکی هەرچی زیاتری پارلمانی ئورووپا لە مافی کوردان بە تایبەتیو نەتەوەکانیتری نێو ئێران بەگشتیو لێکۆڵینەوەی هەرچی زیاتری پارلمانی ئەورووپا لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بوو. ناوبراو هەروەها جارێکیتر لەسەر دۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد بەگشتیو حوکمی ئیعدامو زیندانی کردنی ئەم دوایانەی چالاکانەی مەدەنیو ڕۆژنامەوانانی کورد هێنایە بەرباس. جێگای باسە کە ئەم دیدارە کاتژمێرێکی خایاندو لە دەفتەری خانمی ڤان لانکر لە پارلمانی ئورووپا بەڕێوەچوو.

### خۆپێشاندان بە مەبەستی مەحکووم کردنی حوکمی ناڕەواو داسەپاو بەسەر " عەدنان حەسەنپوورو هیوا بووتیمار"دا

لەسەر بانگەوازی "حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سویس"و "کۆمیتەی پشتیوانی لە بەند کراوان عەدنان حەسەن پوورو هیوا بوتیمار" ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٥ لەبەر دەرگای سەفارەتی ڕێژیمی ئێران لە بێڕن پیتەختی سویس بەمەبەستی مەحکووم کردنی حوکمی ناڕەواو داسەپاو بەسەر ڕۆژنامەوان عەدنان حەسەنپوورو چالاکی مەدەنی هیوا بووتیمار لە لایەن دەزگای دادی ئێرانەوە خۆپێشاندانێکی بەربڵاو بەڕێوەچوو. لەم خۆپێشاندانە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئەندامانو دۆستو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو چەندین حیزبو ڕێکخراوەی ئێرانیو کوردستانی بەشدار بوون.

### کۆچی نابەوەختی فەرماندە موزەفەر تەیموری

بەداخەوەو پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی ٢٦ی ئاگوستی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی فەرماندەی لێوەشاوەو ڕۆڵەی نەبەزی گەلەکەمان هاوڕێ کاك موزەفەر تەیمووری لە نەخۆشخانەی شاری سوندس واڵ لە وڵاتی سوئێد ماڵئاوایی یەکجاریی لە کەسو کارو کوڕی هاوڕێیانی کرد.

هاوڕێ موزەفەر لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٦٠ی زایینی لە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی هەوشار بە ناوی قوجە لە دایك بووە، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران هاتە نێو ڕیزی شۆڕشگێرانی دێموکراتو گەلی کورد. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی تێکەڵ بوون بە شۆڕش بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەی هەوشارو دەوروبەری. کاك موزەفەر لە دەیان شەڕی چووكو گەورەدا چالاکانە بەشداریی کردو وەك خەباتکارێکی ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادیی کوردستان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا تێکۆشانی بوو....

لە گەرمەی شەڕی نێوان پێشمەرگەو داگیرکەران دا بە داخەوە کاك موزەفەر بریندار دەبێو دەگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شۆڕشو پاش چەند جار نەشتەرگەری، بەداخەوە دوکتورەکان نەیان توانی باری تەندروستیی هاوڕێ موزەفەر باشتر بکەن، هەر بۆیە دوای ماوەیەك لە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن حیزبەوە بۆ چارەسەری زامەکانی ڕەوانەی وڵاتی سوئێد کرا.

بەم بۆنەیەوەسەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانی لە خیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

### وەڵامی دەفتەری سەرۆك وەزیرانی تازەی بریتانیا بە نامەی نوێنەری حیزب لەو وڵاتە

پاش وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە لایەن ئاغای "گۆردۆن براون"ەوە، هاوڕێ مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا نامەیەکی بۆ ناوبراو نارد کە وێڕای پیرۆزبایی لێکردنی بەو بۆنەیەوە، کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە بێزراویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو خەباتی گەلانی ئێران بە تایبەتی کوردەکان لەگەڵ هێنابووە گۆڕێ.

ئەمەی خوارەوە وەڵامێکە کە دەفتەری سەرۆك وەزیران بەنامەی نوێنەری حیزبی داوەتەوە:

دوانینگ ستریت، ٩ی جولای ٢٠٠٧ سەرۆك وەزیر داوای لێکردووم تا سەبارەت بە ناردنی نامەی ئەم دوایەت سپاست بکەم.

ئاغای براون خۆشحاڵ بوو لەوە کە لەو بارەیەوە نامەت بۆ نووسیوەو یادداشتێکی ورد لە سەرنجەکانت تۆمار کراوە. سەرۆك وەزیر هەروەها داوای لێکردم کە نامەکەت بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەو کاروباری پێوەندیدار بە کۆمۆنوێلس کە لەو بارەوە بەرپرسیارن بگەیەنم، چونکە پێی وایە کە گرینگە ئەوانیش لەو مەسەلانەی باست کردوون ئاگاداریی بە سڵاوی دۆستانە.

### کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەردەم کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان

بە مەبەستی نیشاندانی ناڕەزایەتی بە شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە ئێرانو حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەنپوورو هیوا بووتیمار ڕێکەوتی ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبو کوردانی دانیشتووی فرانکفۆرت لەبەردەم کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوە.

خۆپێشاندەران وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان لەو شەپۆلی ئێعدامەی بۆ جارێکی دیکە لە ئێران وەڕێ کەوتوە داوای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامو ئازادیی دوو ڕۆژنامەوانو چالاکی مەدەنی عەدنان حەسەنپوورو هیوا بووتیماریان کرد.

# لە یادی ١٩ ساڵەی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا

عەلی بداغی

١٩ ساڵ بەر لە ئێستاو لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاوی دا رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی ئۆرگانێکی وەزارەتی ئیتیلاعات، دەزگای قەزایی و بەرێوەبەریی زیندانەکانی وڵاتو دوابەدوای ئامادەکاریو رێکخستنی ٦ مانگە کوشتارێکی کەم وێنەیان لە زیندانەکان دا وەڕێ خست. لەو پەلامارە دڕندانەیەدا کە ناوی پاکژ! کردنەوەی زیندانەکانی لێنرابوو، لە خەرمانانی ئەو ساڵەدا جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی هەزاران بەندیی رووناکبیرو خەباتکاری سیاسیی خۆڕاگریان بە رەهێڵەی ئاگر سپاردو تەرمی ئەو هەزاران شەهیدە سەربەرزەیان لە چەندین گۆڕی بە بەردەوامی رێکخراوە سیاسییەکان رێژیمی تەواو دەستەوەستان کردبوو.

هەموو ئەو هۆکارانەو ململانێی نێوخۆیی رێبەرانی رێژیمو داماویی سیاسی، وەرسووڕانێکی گەورەو ستراتیژیکیی رێژیمی لێکەوتەوە کە بە پەلەو بێ هیچ مەرجو پێش مەرجێك ملیان بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان راکێشا.

ئەو پاشەکشە سیاسیو ئیدئۆلۆژیکییە رێژیمی بەرەورووی کۆمەڵێك قەیرانی سیاسیی نوێ لە نێوخۆی وڵات دەکردەوە. زیندانیانی سیاسی کە بەشی هەرە زۆریان ئەندامی حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوون، بە گەورەترین مەترسیی رۆژ بۆ سەر **بە زۆرینەی دەنگی حوجەتولئیسلام نەییری، قازیی شەرع، جەنابی ئاغای ئیشراقی داواکاری گشتیی تاران و نوێنەرێکی وەزارەتی ئیتلاعاتە. ئەگەرچی پارێز لە ئیجماع و دەنگی گشتی دایە. لە زیندانەکانی ناوەندی پارێزگاکانیش دا دەنگی زۆرینەی بەڕێزان قازیی شەرع، دادستانی شۆڕش و نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعاتە.**

**بەزەیی هاتنەوە بە دوژمنان دا ساویلکەییە، لێبڕاویی ئیسلام لە بەرامبەر دوژمنانی خودا لە بنەما گومان هەڵگرەکانی نیزامی ئیسلامییە. ئاواتە خوازم بە نیشاندانی رقو تووڕەیی شۆڕشگێڕانەی خۆتان لە بەرامبەر دوژمنانی ئیسلامدا رەزامەندیی خودای گەورە وەدەست بێنن."**

بکرێو سزای خۆیان وەربگرن.

سروشتییە لەو کاتەدا زۆر لە لایەنە شاراوەکانیئەو جینایەتە سامناکە بۆ خەڵکی ئێرانو بیروڕای گشتیی جیهان روون دەبێتەوە. دووهەم ئەوەی کە پێویستە بە لە قاودانی بەردەوامو بەڵگەمەندی ئەو جینایەتە رێی ئەوە خۆش بکرێ کە ئەم جینایەتە سامناکە لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکاندا وەك جینایەتێکی دژی ئینسانی بێتەگۆڕێ.

سێهەم ئەوەی کە بە لە قاودانی ئەو جینایەتە رێ لە دووپاتبوونەوەی ئەو جۆرە جینایەتانە بگیرێ، چونکی ئێستاش بە هەزاران چالاکی سیاسی لە گرتووخانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ مەترسیی ئێعدام



کۆمەڵ دا لە پەنایەکتری پەستاوت.

لەو جینایەتە سامناکەدا کە بە ئاگاداریو پیلانی هاوبەشی هەموو ئۆرگانو دامودەزگاکانی رێژیمو بە بڕیاری راستەوخۆو فتوای شەرعیی خومەینی، رێبەری رێژیم بەرێوەچوو، لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بەرکەوتن. پیرو لاو، ژنو پیاو، کچانو کوڕانی خوێندکارو خەڵکی سەنعەتکارو ئەندامی حیزبە سیاسییە دژبەرەکانی رێژیم لە لیبڕاڵو چەپو دێموکراتو ناسیونالیستو هەموو ئەو ئازادیخوازانەی لە بەرامبەر ویستی رێژیم دا بەچۆك دا نەهاتبوونو زیندانەکانی رێژمیان کردبووە مەتەرێزی بەرخودانو خۆڕاگری.

پەنابردنە بەر ئەو جینایەتە گەورەیە لەلایەن رێژیمەوە هەروا بەبێ هۆو بە رێکەوت نەبوو، رێژیم تامی شکستی لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ عێراق دا بە تەواوی مانا چێشتبوو، سوپای رزگاریدەری دنیای ئیسلام! و ناردنە دەرەوەی شۆڕش تاڵاوی شکستە یەك لەدوای یەکەکانی فڕ دەکرد، ئابووریی لاوازی ئێران چیدی بەرگەی خەرجو تێچووە گرانو ناکۆتاکانی درێژە پێدانی شەڕی نەدەگرت، لە نێو خۆ دەنگی ناڕەزایەتیی گشتی هەردەم بەرزتر دەبۆوەو لە ئاستی نێو نەتەوەییش دا رێژیم تا دەهات تەریکتر دەکەوتەوەو خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسیو خەباتی حاکمییەتی رێژیم دەژمێردران، چونکی هەموو ئەو بەندیانەو حیزبە سیاسییەکانیان دوای پاشەکشەی عێراق لە سنوورەکانی ئێران خوازیاری کۆتایی پێهێنانی شەڕو دژی ئەو بۆچوونەی خومەینی بوون کە "شەڕ نیعمەتی خودایە".

رێژیم کەلە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەدا بە هەزاران کەس لەو بەندییە سیاسیانەی لە ژێر ناوو تۆمەتی جۆراوجۆری وەك دژە شۆڕشو یاغیو نەیاری خودا بە رەهێڵەی گوللەی سپارد بوو، لە هەلومەرجی دوای ئاگر بڕو بە ناو سازەندەگیو لەو دۆخە هەستیارە رەوانییەدا چیدی نەیدەتوانی لە پشت میلەکانی گرتووخانەش دا بەربەرەکانیی ئەو ئازادیخوازانە بکا. هەر بۆیەش بۆ دەربازکردنی خۆی لەو قەیرانەو بۆ بەلاڕێ دابردنی سەرنجی شوێنکەوتووانی ماڵو گیان دۆڕاویش بوو بێ، هێرشی دڕندانەی بردەسەر ئەو بەندییە ئازادیخوازانەی بێدیفاعو قۆڵبەست کراو لە گرتووخانەکان دا خەریکی کێشانی حوکمە ناڕەواکانیان بوونو تەنانەت زۆر لە وان ماوەی حوکمەکانیشیان بەسەر چوو بوو. بەو جۆرە بوو کە ئەم فتوایە درا: **"ئەو کەسانەی لە هەموو زیندانەکانی وڵات دا لەسەر هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان سوورن، دوژمنانی خوداو مەحکووم بە ئێعدامن. دەستنیشانکردنی ئەو بابەتەش لە تاران**

ئەم فتوایە درەندەیی رێژیمی گەیاندە چلە پۆپەی خۆی تا بە گومانی خۆیان نەیارانی رێژیمەکەیان لە هەر چەشنە هێزو رێبەرییەکی کارا بێبەش بکەنو حیزبورێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنو گەلانی ئازادیخوازیان چاوترسێن کردبێ.

ئەگەرچی ئەو جینایەتە سامناکەی رێژیم لە لایەن بنەماڵەی قوربانیانی کارەساتەکەو حیزبە سیاسییەکانەوە لە قاودراوەو ئەوە ١٨ ساڵە بەردەوام یادی قوربانیانی ئەو کارەساتەدەکرێتەوە، بەڵام پەرشو بڵاویی ئۆپۆزیسیۆنو بێ بەرنامەییو بەدوادانەچوونی ئەو پەروەندەیە لە لایەن رێکخراوو رێبەرییەکی هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆی ئەوەی ئەم پەروەندەیە لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا نەخرێتە بەرباسو بەدواداچوونی یاسایی لە سەر نەکرێ. هەر بۆیەش لە قاودانو دەنگ هەڵبڕینی بەردەوامو بە رۆژەڤکردنی ئەم کارەساتە لە نێو هەموو کۆڕو کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ پێویستو زۆر گرینگە، لەبەر چەندهۆیەکی سەرکیی وەك: یەکەم ئەوەی زۆربەی پلانرێژانو بڕیار دەرانو بەرێوەبەرانی ئەم جینایەتە سامناکە ئێستاش زیندوونو لە رێبەرانو بەرپرسانی پایەبەرزی رێژیمنو پێویستە بدرێنە دادگایەکی نێونەتەوەیی تا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەرەوروون.

چوارەم ئەوەی کە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو کارەساتە دەبێ قەرەبوو بکرێنەوەو سکاڵاو داواکانیان بخرێتە بەرباسو بە بەرێوەبردنی عەداڵەتو دادپەروەری وەڵامێکی شیاو بەو بنەماڵە سەربەرزانە بدرێتەوە.

هەروەها پێویستە ئەو حیزبو رێکخراوە سیاسییانەی ئەندامو لایەنگرانی خۆیان لەو تراژیدییە سامناکەدا لە دەست داوە، کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ بەدواداچوونی بەردەوامیحقووقیو مرۆڤیی ئەو کارەساتە دابمەزرێننو تا دەتوانن بەڵگەو دیکومێنتارو زانیاریی پێویست لەم بارەیەوە کۆ بکەنەوەو بیخەنە بەر دیدی بیروڕای گشتیی جیهانو ناوەندەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ. کارکردی پۆزتیڤی ئەو کۆمیسیۆنە دەتوانێ وێڕای سەلماندنی ئەو جینایەتە سامناکە لە ئاستی جیهانیدا پەروەندەی کارەساتەکە بخاتە بەردەم شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، رێکخراوە نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ و دادگای نێونەتەوەیی.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی قوربانیانی رێی ئازادیو بە تایبەت قوربانیانی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ٦٧ی هەتاویدا.

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە چەندین کۆبوونەوەو چاوپێکەوتن لە دەرەوەی وڵات دا

### دیداری مامۆستا عەبدۆڵڵا حەسەنزادە لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە وڵاتی فینلەند

لە ماوەی رۆژانی ٢٠ ـ ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سەردانی وڵاتی فینلەندی کردو لە نزیکەوە چاوی بە ئەندامان، لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وڵاتە کەوت.

رۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٠ لە شاری هوڤینکە، ئەندامانی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی فینلەند لە گەڵ بەرێز حەسەنزادە کۆبوونەوە. هەلومەرجی هەنووکەیی حیزب، ئالوگۆڕەکان لە کۆنگرەی داهاتوودا، چۆنیەتیی بەرێوەچوونی کاروباری حیزب لە وڵاتی فینلەندو کۆمەڵێك پرسو بابەتی تری پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات تەوەری باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

رۆژی ٢٠٠٧/٨/٢١ بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب لە شاری تۆرکۆ، کۆبوونەوەیەك پێك هات. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە باسێکی گشتی دا وێڕای ئاوردانەوە بۆ رابردووو ئاماژە بە هۆکارەکانی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، باسی لە هەلومەرجی ئێستای حیزب کردو وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر پێویستیی گۆڕانو نوێبوونەوە، ئەرکەکانی داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

هەروەها رۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٢ کۆبوونەوەیەکی هاوچەشن بە بەشداریی ئەندامانو دۆستانی حیزب لە شاری هێلسینکی پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا باسێك لەمەڕ ئالوگۆڕەکانی ناوچەو کوردستان لە لایەن خوێندکار کاك عەزیز شێخانیەوە پێشکێش بە ئامادەبووان کرا.

هەر لە میانەی سەردانەکەی دا، بەرێز حەسەنزادە لە چەند دیداری دۆستانە دا، چاوی بە چەند کەسایەتیی کوردی نیشتەجێی وڵاتی فینلەند، لەوانە هونەرمەند فەیزی نژادو شاعیری گەلەکەمان عەبدوڵلا پەشێو کەوت.

### چاوپێکەوتن لە گەڵ بزووتنەوەی یارسان

رۆژی ٢٠٠٧/٠٨/٢٨ هەیئەتێکی بزووتنەوەی دێموکراتی یارسان لە نۆروێژ چاوی بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەوت. هەیئەتی ناوبراو بریتی بوون لە بەرێزان: فەرهاد حەیدەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو وتەبێژ، حوسێن خەلیفە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مەجید بابایی ئەندامی کۆمیتەی نۆروێژ، مەجید کازمی ئەندامی کومیتەی نۆروێژو سەید عەلی حوسێنی.

ئەو دیدارە لە لایەن کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ساز درابوو.

پاش ناساندنی ئەندامانی هەردووك هەیئەت، بەرێز فەرهاد حەیدەری باسێکی لەسەر بزووتنەوە پێشکێش کرد. بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە بارەی بزووتنەوەی یارسان دا گوتی: ئێمەو بزووتنەوەی یارسان نوقتەی ئیشتراکمان زۆرە، نوقتەی ئیشتراکمان بیروباوەری نەتەوەییە. بۆچوونو دیدگای ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی یارسان فەرقی نیە. لەکۆتاییدا هەردوولا بەڵێنیان دا کە لە پێوەندیی بەردەوام دابن بۆ دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەشو چالاکیی هاوبەش بە قازانجی نەتەوەکانمان.

### کۆبوونەوەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەگەڵ یەکیەتییەکانی ژنانو لاوان

لە رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٥ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژ چاوی بە بەرێز مامۆستا حەسەنزادە کەوت. پاش باسێکی کورت لە لایەن مامۆستاوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لەسەر تێکۆشانو بەرنامەکانی خۆیان لە نۆروێژ بۆ بەرێز حەسەنزادە دوان. لە دوا بەشی کۆبوونەوەکەدا بەرێز حەسەنزادە رێنوێنیی پێویستی بە یەکیەتیی ژنان دا.شایانی باسە هەر لەو رۆژەدا لە کاتژمێر ٦ی پاشنیوەرۆ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانیش چاویان بە بەرێز مامۆستا حەسەنزادە کەوت.

### دیدار لەگەڵ هەیئەتی لێژنەی پارتی دێموکراتی کوردستان و وفدێکی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان

رۆژی شەممە ٢٠٠٧/٨/٢٥ هەیئەتێکی لێژنەی پارتی دێموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوون لە بەرێزان: کاك بابا عەلی گوڵانی، محەمەد ئەسکەندەر، شێخ ئامانج بەرزنجی، جەنگی عومەرو سەلمان نەقشبەندی چاویان بە بەرێز مامۆستا حەسەنزادە کەوت. ئەو چاوپێکەوتنە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هاتبوو. چاوپێکەوتنەکە لە کەشێکی زۆر دۆستانەو سیاسی دا بەرێوە چوو. هەر دووك کۆمیتە لە لای بەرێز حەسەنزادەوە بەڵێنیان دا کە زۆر لە جاران پێوەندییەکانیان گەرمتر بکەنو ئەوەی لە توانایان دایە بۆ خزمەت بە نەتەوەی کورد درێغی نەکەن.

شایانی باسە هەر لەم رۆژەو لە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەرۆ وەفدێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێك هاتبوون لە بەرێزان کاك شەماڵ عەبدولخالق، عەبدوالسلام عەبدوالغەنی، هەندرێن، ئاراسو سامان سەردانی مامۆستا حەسەنزادەیان کردو لە لایەن بەرێز حەسەنزادەو هاورێیانی کۆمیتەی نۆروێژەوە پێشوازییان لێ کرا.

جێگای ئاماژەیە لەو دوو دیدارەدا پرسی سەر وەزعی کوردو هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانو ناساندنی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بە بیروڕای گشتی خرایە بەرباس.میوانان هێندێك پرسیاریان لەگەڵ سەبارەت بە لەتبوونی حیزب هێنایە گۆڕێ وەڵامی پێویستیشیان درایەوە.



# قارنێ له ١١ی خەرمانانەوە تا ١١ سێپتامبری نیویۆرک

| | |
|---|---|
| بۆ فریشتەی داد بەسینەی پڕ له کینەو داخەوە | هاتە کوردستان، گوتی رەجمی شەیاتینم دەوێ |
| دێوی شەر سمکۆڵ دەکا لێم و دەبۆلێنێ و دەڵێ | بۆ لەسەردانی هەمووی ئێوە تەوەرزینم دەوێ |

هێمن



نووسینی: مستەفا مەعرووفی

ئەوکات جیهان لـە کارەساتی قارنـێ گونـدێکی کوردنشـین هەڵکـەوتوو لـە سـەر جـادەی نەغەدە- پیرانشـار لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان نەگەیشـت. بڵاوبوونـەوەی هـەواڵی قـەتڵو عـام کرانـی خـەڵکی ئەم گوندەو لەتو پەت کرانو ئەنجن ئەنجن کرانـی تـەرمی ٦٨ کـەس لـە پـیرو لاو، ژنو منـداڵی ئـەم گونـدە بـە گوللـە، قەممـەو تەورداسـی سـەربازانی خومەینی شـەپۆلێك لـە داخو کەسـەرو ماتـەمی لـە جیهان دا بە گشتیو لە کوردسـتان دا بـە تایبـەتی وەڕێ خست.

بـەڵام کارەسـاتی ١١ی خـەرمانانی ١٣٥٨ لـە قـارنێ لـە هـەواڵێکی نـاخۆشو رووداوێکـی تـاڵ بـەولاوەترو گـەورەتر بـوو. لـەو رۆژەدا ٦٨ کـەس لەتو پەت کران بێ ئەوەی شەرێك رووی دابێ، ٦٨ مرۆڤ جەستەیان شێواو کوژران بێ ئەوەی شـەڕکەر بـن. کـەوابوو کارەسـاتەکە لـە روودانـی شـەرێكو ئاکامـەکانی بـەولاوەتر بـوو. لـە هـەناوی ئـەم رووداوەدا زەنگێکـی خەتـەر لێـی دا کـەم کـەس بیسـتی یـان هـەر نەبیسـترا. کـێ دەی زانـی قوربانیانی قارنـێ نێچـیری حەزیایـەکی خوێنخـۆرن کە گڕی تینوویەتیی بەو چۆڕە خوێنانە دانامرکێ؟ کـێ دەی زانـی دێـو درنجـی ئەفسـانەکانن وەدی هاتوونو زەقو زیندوو هـەر رۆژەی لـە ماڵێکو لـە گوندێکو شارێکو هـەر جارەی لـە ناوچـەیەکو لـە وڵاتێك دەست دە تینووی ئینسانەکان دەنێن؟

قارنـێ لـە یەکـەم قوربانیـیـەکانی "ئیـدئۆلۆژی نـەفرەت" واتـە رادیکـالیزمی ئیسـلامی بـوو کـە چەندین دەیە بوو لە تیئـۆری دا هـەوڵی بـۆ دەدراو لـە ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا لـە ئێـران دا پراکتیـزە کـرا. ئەوانـەی جینایـەتی قارنێیـان خوڵقانـد سـەربازانی ئەو ئیدئۆلۆژییە بوون کە تەنیا چوار مانگ بوو بە رەسمی دەسەڵاتی سیاسیو نیزامیی بە دەسـتەوە گرتبووو موژدەی بە سەربازەکانی دەدا کـە "ئێمـە شۆرشـی خۆمـان بـۆ تـەواوی جیهـان دەنێـرین"، "تـــەواوی جیهـــان لـــە کـــوفرو ئیلحـــاد پـــاك دەکەینەوە". حەزیای خوێنخۆر بە دوای خـوێن دا کەوتە گەڕان. بەرهەڵستکارو بێدیفاع، ژنو منداڵو پیرو لاو هەموویان خوێنیان لە جەستـەی دا بـوو. ئەم حەزیایـە لـە کوردسـتان دا ئەوەنـدەی خـوێنی بەرهەڵستکارانی مژەی پێنج ئەوەنـدە خـوێنی ژنو منـداڵو پـیرو لاوی بێـدیفاعی مـژی. بەشـی زۆری ئەمانە بە فتوایەکی مەزهـەبیی ئایەتوڵلایـەك کـران کـە تـازە دەسـەڵاتی سیاسـیی وڵاتـی گرتبـووە دەست. یەکەم دیاریی "ئیـدئۆلۆژیی نـەفرەت" بـۆ خـەڵکی کوردسـتان فتـوای جیهـادی ئایـەتوڵڵا خومـەینی لـە رۆژی ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٥٨ دا لـە دژی خەڵکی کوردستان بوو. هێشتا دوو حەوتوو لە فتوای مەزهەبیی ئایەتوڵڵای سیاسی تێ نەپەریبوو گوندی قارنێ عەداڵەتی رێژیمی کۆمـاری ئیسـلامیی چێشـتو لـە مـاوەی ٢ سـەعات دا خـاكو خـۆڵو خوێنی قارنێ تێکـەڵ بـە یـەك بـوونو دارو دیـوارو درەخـتو پەلـەوەرو مـرۆڤ بـێ جیـاوازیو بـە شێوەیەکی یەکسان قەڵتو بڕ کران. چـەندین سـاڵ سـەربازانی ئیمـام لـە کوردسـتان ئـەم ئەرکـە شەرعییەیان بەرێوە برد، "قـەڵاتان"، "سـۆفیان"، "سەوزیو سەرچنار"، "سـەروو کـانی"و... کـەمو زۆر تامی ئەو عەداڵەتەیان چێشت.

قوربانیانی قارنێ قوربانیی شـەرێكو رووداوێکـی ئاسـایی نیزامـی نـەبوون، قوربـانیی هەرەشـەیەك نەبوون بە تەنیا لـە سـەر قارنـێ، ئـەوان قوربـانیی ئیدئۆلۆژییەك بوون کە کوشتنی مـرۆڤ بـە کـارێکی "خێر" دەزانێ. تەنانەت لـەو ئیدئۆلۆژیـیەدا مـرۆڤ خـۆی دەکـوژێ، چـونکە کـوژران "پـیرۆزە". بـە پێچەوانەی شەڕەکانی دیکە کە مرۆڤ دەکـوژرێ بـۆ ئەوەی مرۆڤی دیکە نەکوژرێن، بـۆ ئـەوەی ئیمتیـاز لە لایەنی بەرامبەر وەربگیرێ، بۆ ئەوەی ئیمتیازێك بپارێزێ. بەڵام لەم ئیدئۆلۆژییەدا کوشتنو کوژران بە خێر دەژمێردرێن.

کاتێـك ئایـەتوڵڵا خـەڵخاڵی حـاکمی شـەرعو نێـردراوی خومـەینی بـۆ کوردسـتان لـە وڵامـی رخنەیەك دا لە کوشتنی چەند کەسـی بـێ تـاوان دا لێی دەگیرێ، دەڵێ: ئەوانە یان تاوانبـار بـوون کـە هەقی خۆیان بووە یان بێ تاوانو لەو دنیا دەچـنە بەهەشت، کۆمەڵگەی جیهانی یان نـەی بیسـت یـان لەو زەنگە ترسناکە وەخەبەر نەهات. ئەوەی ئەمرۆ لە شارەکانی عێراق دا دەی بینین هەر ئەو حەزیایە خـوێنی خـەڵکی قـارنێی مـژی. ئـەوەی لـە بەغـداو شارەکانی دیکە دا دەکرێ هەر ئەو شۆرشـەیە کـە خومەینی دەی گوت "صادر"ی دەکەین. بۆمب لـە بووکەشوشەدا بۆ منـدالانی بـێ سـووچو بـێ تـاوان دادەنێرتـەوە. پاسـاوی سیاسـیی ئیـدئۆلۆژیی نەفرەت ئەوەیە کە عێراق نائەمن بکری بـۆ ئـەوەی ئـەمریکا لـە عێـراق دا شکسـت بخـوا. بـەڵام لـەوە ترسناکتر، پاساوە مەزهەبیـیەکەیـەتی کـە دەڵـێ: ئـەو منداڵـەی دەکـوژرێ بـێ تاوانـەو دەچـێتە بەهەشت! یان خۆکوژێك بەهیوای چوونە بەهەشـت گیانی مرۆڤەکانی دیکە دەستێنێ.

سەر برینو لەتوپەت کردنی تەرمی بە تـاكو بـە کۆمەڵی مرۆڤەکان لە ئەلجەزایر لـە لایـەن گرووپـە رادیکاڵـە ئیسـلامییەکانەوە لـە دەیـەی ٩٠ی سەدەی پێشوو دا نموونەی کارەسـاتی قارنـێ بـــوونو قوربانیـیـــەکان، قوربـــانیی یـــەك ئیدئۆلۆژی بـوون. ئێسـتا دوای چـەندین سـاڵ ئـەو حەزیایـەی خـوێنی خـەڵکی قـارنێی هـەڵ لووشـی بـە گۆشـەو کـەنارەکانی جیهـان دا دەگـەرێ. ئـەو شۆرشـەی قـارنێی لـە خـوێن وەرداو ئایـەتوڵڵا خومـەینی وەعـدەی ناردنـە دەرەوەی بە سـەربازەکانی دابـوو، ئـەمرۆ لـە ئەلجەزائیرەوە بگرە تا لوبنانو فەلەستین، لـە بەغداوە بگرە تـا ئەنـدونێزیو لـە سـوودانەوە بگـرە تـا پاکسـتانو ئەفغانسـتان بـەرێوە دەچێ. شەپۆلێکی کینەو نەفرەت کە لـە ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) لـە قارنـێ ڕا وەڕێ کـەوت، لـە ١١ی سـێپتامبری ٢٠٠١ دا گەیشـتە نیویۆرك دوو بورجی ٤٥٠ میتریی پڕ لە مرۆڤی بێدیفاعو سیڤیلی نوقمی خوێن کرد. خـەڵکی ئـەمریکا ٢٠ سـاڵ دوای خـەڵکی کوردسـتانو ناوچەکە تامی تاڵی ئیدئۆلۆژییەکیان چێشـت کـــە خومـــەینیو پاشـــان ســـەربازەکانی "صادر"یان کرد. لەو رۆژەدا سەربازانی ئیمام لە رۆژنامـەکانیان دا نووسـیبوویان: "ئـەمریکا تێـك رووخـا"! ئەگـەر لـە سـاڵی ١٣٥٨ دا خەڵکی جیهان لە هـەناوو لـە پـەیامی رووداوی قارنێ گەیشتباو ئەم ئیدئۆلۆژییە فەناتیکـەی ناسیباو هەڵوێستی لـە بەرامبـەردا گرتبـا نـە وڵاتانی قازانج ویستو هەڵپەرست لە بەرامبـەر ئیمتیـازی ئـابووری دا ئیمتیـازی سیاسـیان دەدایـەو نـە جیهـان بەقـەد ئێسـتا بـە هـۆی تیرۆرەوە نا ئەمنو پڕ لە ئاژاوە دەبوو.

کاتێـــك لـــە ١٣ی ژوئیـــەی ١٩٨٩ دا د. عبدالرحمن قاسملو رێبەری ئاشتیخوازی کـورد بـە دەسـتی سـەربازانی مەکتـەبی ئایـەتوڵڵا خومـەینی تـیرۆر کـرا، بـۆ وڵاتـانی رۆژئـاوا لـە خەبەرێکی نـاخۆشو جێـی داخ شـتێکی دیکـە بـەولاوەتر نـەبوو. تەنانـەت وڵاتـی ئـۆتریش تیرۆریســـتەکانی لـــە بەرامبـــەر ئیمتیـــازە ئابووریـیـەکان دا پێشـکێش بـە ناوەنـدی پەروەردەی تیرۆر کردەوە. بەڵام بۆ کـورد لـە دەست دانی رێبەرێکی وەك قاسملوو بارتەقای ئەو زەرەرو خەسارە گیانیو ماڵیانـە بـوو کـە ئەمرۆ وڵاتـانی دژی تـیرۆر لـە دژی تـیرۆرو لـە دەســـت تـــیرۆر دەی دەن. تیرۆریزمێـــكو ئیدئۆلۆژییـەکی پـڕ لـە کینـەو نـەفرەت کـە ئـــەوان لـــە بەرامبـــەری دا بێـــدەنگ بـــوونو تەنانـەت مامەڵـەیان لەگـەڵ دەکـرد داوێنـی ئەوانیشـی گرتـەوە. ئەگـەر ئـەو کـات دنیـای پێشـــکەوتووو مرۆڤایـــەتی لـــە نێـــوەرۆکی ترسناکی ئیدئۆلۆژیەك گەیشتبا کـە خومـەینی بە دیاریی هێنـا، ئێسـتا هـەر رۆژەی شارێكو پێتـــەختی وڵاتێـــك بـــە بـــۆمبی ســـەربازانی مەکتـەبی تـیرۆر نەدەهـەژا. ئەگـەر ئـەوکات جیهـان لـە کارەسـاتی قارنـێو تیرۆرەکـانی دیکـەی کۆمـاری ئیسـلامی گەیشـتبا، لـە کۆنفرانسـی "شـرم الشـیخ" لـە میسـر لـەم دواییانەدا کـە بـە مەبەسـتی "پێشگیری لـە تیرۆریـــزم لـــە عێـــراق"و "چارەســـەری ئاشـتیخوازانەی قـەیرانی عێـراق" پێـك هـات، محەمـــەد جەعفـــەری ســـەحرارووی قـــاتڵو تیرۆریســـتی ناســـراوی کۆمـــاری ئیســـلامی بەرامبەر بە دیپلۆماتەکانی وڵاتانی جیهان بە گشتیو ئەمریکا بە تایبەتی دانەدەنیشت!

# بەم چەشنە بکوژێك بوتە دیپلۆماتێکی پایەبەرز

## راپۆرتی حەوتەنامەی ئوتریشیی پرۆفیل لەسەر محەممەد جەعفەر سەحرارودی





محەممەد جەعفـەر سـەحرارووی، کەسێك کـە بەرپرسـایەتیی تێـرۆری ساڵی ١٩٨٩ی ڤیەنی لە ئەستۆ بوو، ئەمرۆ یەکێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانـە. حەوتوونامـەی پرۆفیـل لـە راپۆرتێك دا پێگـەی ناوبراوی لە کاتی تێرۆری دوکتور قـاسملووەوە تـا ئێسـتا تـاوتۆی کـردوە. دوو وێنە کە لە ماوەی نزیك بە ٢٠ ساڵدا گیراون. وێنەی یەکـەم وێنـەیـەکی رەشو سپییە کـە پۆلیسـی ئـوتریش ساڵی ١٩٨٩ گرتوویـەتی. لـە وێنـەی یەکەم دا دەردو ئازار بە روخسارییەوە دیارەو هـەروەها تەقەڵـەکانی سـەر شـانی چـەپی دوای نەشـتەرگەری دەبینـرێ. چونکە ئـەو ماوەیـەك بـەر لـە کێشرانی ئەو وێنەیە لە نەخۆشخانەی شاری ڤیەن بەهۆی بریندار بـوون بـە چەکی گەرم دەرمان کرا بوو. وێنەی دووەم رەنگییەو تا رادەیەك لێڵـە کـە دەتـوانرێ بگـوترێ ماوەیـەکی زۆر نیـە گـیراوە. پیاوێك بـە ریشـێکی سـێ رۆژەوەو بزەیەك لەسەر لێوی کە کۆتو کراسێکی لەبەر دایە کە یەخەکـەی وەك پیاوانی دەوروبەری ئەحمەدی نژاد کراوەیە.

لە وێنەی یەکەم دا بەرپرسی تیمـی تیرۆرێـك دەبینـرێ کـە لـە ئـۆتریش رێبـەری حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانو هاورێیـانی کوشـتوە. لـە وێنـەی دووەم جێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەنی تـەناهیی نەتـەوەیی(شـورای امنیـت ملی) کۆماری ئیسلامییە.

ئـەم وێنانـە بـاس لـە چوونەسـەری سـەیرو سـەمەرەی بەرپرسـایەتیی جەعفەری دەکەن کە لە ماوەی بیست ساڵی رابـردوودا پێیـان گەیشـتووە. ئەو کەسە لە کاتی تیرۆری ویەن دا کە بەهۆی ئەوەی بـە هەڵـە کەوتـە بـەر فیشـەکی خۆییـەکانی لەگـەڵ مـردن مەودایـەکی کـەمی هـەبوو. ئەگەرچـی بڕیـاری دەستبەسـەر کردنـی ئـەو لەلایـەن دادئەسـتێنەوە هـەر لـە جێـی خۆیەتی بەڵام تـا ئێسـتا هـێچ هـەنگاوێکی بۆ هەڵنەهێنراوەتـەوەو ئێسـتا یەکێك لە گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

جەعفەری بە هۆی بەرپرسایەتییەك کە هەیـەتی تـوانی لـە مـانگی مـەی ٢٠٠٧ لەگەڵ هەیئەتی ئێرانی کە لە میسر لـە کۆنفرانسـی "شـرم الشـیخ"دا کە دەربارەی عێراق پێك هێنـرا بـوو بەشـداری بکـاو لـە بەرامبـەر وەزیـری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابنیشێ.

ئەوە لە حاڵێك دا بوو کە ئەمریکاییەکان هەوڵیان دابوو چەند مانگ بـەر لـەو کۆنفرانسـە لـە چـالاکییەکی تایبـەتیدا ئـەو تیرۆریسـتە بـە ناوبانگـە قۆڵبەست بکەن.

لە راستیدا مرۆڤێکە بە چەند ئاماژەوە: دوا بەدوای تەواو بـوونی کـاری تیرۆری ڤییەن بە شـێوەیەکی نهێنـیو گومانـاوی نـاردرا بـۆ تـارانو کاتێـك یەکێك لە ئەفسەرانی پایەبەرزی سپای قودس لە قەرارگای رەمـەزانی سـەر بە پاسداران بوو وەك قارەمانێك پێشوازیی لێکراو لـە رۆژهـەڵات کاتێـك کـە باسی لێوە دەکرێ دەڵێی کەسێکی ئاوا هەر نەبووە.

لە تاران بۆ ماوەی ٢ مانگ لە نەخۆشخانەی تایبەتیی سوپای پاسـداران دەرمان کراو لە ژێر چاوەدێریدا بوو. دوای ماوەیـەك بـە پلـەی ژنرالییـەوە نێردرا بۆ کوردستان. جەعفەری لە سـاڵی ١٩٩٥ بـەملاوە چـەندین جـار بـۆ ئـەنجامی چـالاکی لـە دەرەوەی سـنوورەکانی ئێـران نێردراوەتـە بـاکووری عێراق.

ساڵی ١٩٩٦ بەرپرسی بەرێوەبردنی هێرش بۆ سەر بنکـەکانی ناوەنـدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سنوورەکانی ئێران بوو.

"دەڵێن لە کاتی هێرشەکەدا وتوویەتی بەو جۆرە کە قـاسملووم لـە نێـو بردوە ئێوەش لە نێو دەبەم."

چالاکیی تایبەت: باکووری عێراق، ١١ی ژانویـەی ٢٠٠٧ هێلیکۆپتـەرێکی شەڕکەر لە سەرەوەی ماڵێکی دوو نهوم بە رواڵەت خەریکی گەشتی ئاسایی بوو. ئەوە هەر ئەو ماڵە بـوو کـە سـەربازە ئەمریکاییـەکان هاوکات لەگـەڵ گەمارۆدانو پەلاماردانی پێنج ئێرانییان قۆڵبەست کرد. لەم نێوەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایـەوە یـەکێك لـەو کەسانە محەمـەد جەعفەرییـە. بـەڵام زۆری نەکێشا کە ئەو دەنگۆییە وەدرۆ خرایەوەو دەرکەوت کە جەعفەری لـە نێـو گیراوەکان دا نەبووە.

ئـەمریکا جەعفـەریو هاودەسـتانی بـە رێکخسـتنو پەرەپێـدان بـە رایەڵکەکانی تێرۆر لە عێـراقو دانـی یارمـەتیی دارایـیو چـەکی مـۆدێرن بـە تێرۆریستەکان تۆمەتبار کرد بوو.

لـە کـاتی ئـەنجامی چـالاکیی سـەربازانی ئـەمریکایی لـە مـاڵی نـاوبراو جەعفەری تێرۆریستی ناوداری ئێران هـەر لـەو شـارە لـە ماڵێك دا بـوو کـە

٩

# برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران






## مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمینی

منداڵانی ساڵانی ١٣٦٣ــ ١٣٦٠ی دێیەکانی "بەیرەم بوغە"و "هەوشینان"و چەند ئاواییەکی دیکەی ناوچەی نەغەدە کە ئێستا ئیدی بوون بە ژن و پیاوی پێگەیشتوو، پێم وایە هیچ کات سیمای ئەو مامۆستا خۆشەویستەی خۆیان لەبیرنابەنەوە کە بە تایبەتمەندییە بەرزەکانی، خوێندن و قوتابخانەو زمانی کوردیو خەبات لەرێی ئازادیی نەتەوەو نیشتمانی لەلا شیرین کردبوون.

مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمینی هەر بە تەنیا خوێندەواریی فێری منداڵە بێبەشەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان نەدەکرد، بەڵکو لەگەڵ وانە وتنەوەدا، لە چەشنی برایەکی دڵسۆزو دلۆڤان، فێری یەکتر خۆشویستن و خۆشەویستیی نەتەوەو نیشتمانی دەکردن و ئاسۆی بیرو تێگەیشتنی فراوان دەکردن. لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا، گرنگترین سەنگەرو پیرۆزترین ئەرکی بۆ خزمەت هەڵ بژارد، سەنگەری قوتابخانەو ئەرکی خوێندەوار کردن و بەرەو ژوور بردنی ئاگایی. لەم بارەیەوە لە نێوان منداڵانی بنەماڵە حیزبییەکانی جێگیر لە دەوروبەری بەندیخانەی ناوەندیی حیزب و، ئەو جاش و بەسیجی و هەڵخەڵەتاوانەی لە بەندیخانەکەدا بوون، جیاوازیی دانەدەناو، وەکیەک خۆی بە خوێندەوار کردن و وانە پێوتنەوەیان خەریک دەکرد. لە ڕاستی دا بەندیو بەندییەوان بە قەرا یەک و یەک لە یەک زیاتر ڕێزیان لە مامۆستا عوسمان دەگرت و خۆشیان دەویست. چونکە هەر بەو ڕیتم و گوڕو تینەی وانەی بە پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان دەگوتەوە، هەر بەم جۆرەش دەچووە نێو ژوورەکانی بەندیخانەو دەرسی بە بەندییەکان دەکوت و دڵسۆزیان بوو. ئەو بەندیو بنەماڵانەی ساڵانێکیان لەگەڵ بەندیخانەی ناوەندیی حیزب لە قامیش و سوورەدێ تێپەڕ کردبێ دەتوانن لەم بارەیەوە شایەدی بدەن.

هەتا ناوچەو گوندی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مابوون، مامۆستا عوسمان سێ مانگەی هاوین کە قوتابخانەکان دادەخران دەچووە نێو پێشمەرگەکانی هێزەکانی کێلەشین و ئەفشین، یا ڕەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی شنۆو نەغەدە دەکەوت. چەندی بە جەستە لاواز و، بە ڕواڵەت نەدوێ و شەرمێون دیار بوو ئەوا بە باوەڕو بە ورە بەهێزو، لە ئاخاوتن دا قسەخۆش و نوکتە زان بوو. ئەو هاوینانەی بەخت یاوەرمان دەبووو یەکیەتیی لاوانی هەڵدەبژارد ئاواتمان دەخواست ئەو سێ مانگە تێپەڕ نەبێ و پتر لە نێومان دا بمێنێتەوە.

لە ٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ دا لە نێوان گوندەکانی چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان و گۆڕخانە، بە چاوی خۆم دیتبووم کە چلۆن لە مەرگ گەڕابۆوە. لە سەرماوەزی ١٣٦٣ یش، یەک لەو کادرو پێشمەرگانە بوو کە لەسەر سنوور لەگەڵ بەفرو سەرماو باران و تاریکیو ڕێ ون کردن بەرەو ڕوو ببوون و بەداخەوە یەکێکیان لێ شەهید ببوو. هاوڕێیانی دەیان گێڕایەوە هەتا ئەو کاتەی سەرما ئەویشی لە زمان و لە پێ نەخستبوو، لە قسەی خۆش نەکەوتبووو، ورەی پێ دەدان.

بەهاری ١٣٦٧لە دۆڵەرەقە، لە ڕووداوێک دا بە توندی تووشی سووتان بوو. پتر لە ساڵێک دواتر بە ڕێکەوت و لە دەرفەتێکی بە پەلەدا دیتم. کوتم بیستوومە کە سووتاوی بەڵام بە خۆشیەوە هیچت پێوەدیار نییە. دوگمەی ئێخەی کراسەکەی کردەوەو بەو پێکەنینە ئاشنایە هەمیشەییەی لەسەر زاری بوو گوتی: کاکە! ئاورەکە لە بنەوە کاری خۆی کردوە! دواتر زانیم بۆ عیلاج ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کراوە. ساڵی ١٣٧٤ کاتێک بیستم تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە دانمارک، دەرفەتی لێ هێناوەو گیانی لێئەستاندوە، بە قووڵی ماتەم دایگرتم. بێ ئیختیار ئالبۆمی وێنەکانی خۆم هێنایە بەردەست و بە دەم ڕوانین لە وێنەو یادگارییەکانی لە لای خۆم، ڕابردوویەک لە بیرەوەریی شیرین و بەنرخم وەرد دایەوە. هەر لە کاتی یەکتر ناسین لە قوتابخانەی غەززالیی شنۆو دەورکردنەوەم لە نزیک مووچەو مەزراکەیان لە "گورگاوێ" ڕا تا ئەو ساتە تاڵ و شیرنانەی لەپەنا یەک لە شاخ و دەشتی شنۆو سندووس و لە بنکەکانی سەرشاخان تێمان پەڕاندبوو. ئەو کات زۆرجار لە خۆمم دەپرسی ئەرێ بە ڕاستی کەس هەیە ئەو مامۆستا عوسمانەی ناخۆش بوێ یا لێی ڕەنجابێ! ئێستاش کە یادی ئەو هاوڕێ خۆشەویستەو ئەم مرۆڤە بەخزمەتە دەکەمەوە، لە خۆم دەپرسمەوە ئەرێ بە ڕاستی لەم جۆرە مرۆڤانە هەڵ دەکەونەوە؟

# لە تنۆکی میحرابی روحت

تروسکە سادقی



تاپێ بگەم لە باوەشی
مانگێکی نوێ،
بدەیە دەستانم وێنەت
کاتێک تۆفانیە جەستەم!
تێکەڵم کە لەگەڵ ئەندێشە
سوورەکانت
هاوارت دەکەم منیش
شەپۆل
شەپۆل.
تابمهەوێ بناسم خۆم
بێ کۆتایی ببارە تۆ
لە ژیانم،
لە بەرزی شانت دا کاتێک
زمان دەگرن
هەموو رەمزی خۆشیەکان.
بۆ ماچێکی رووبەرگی لاپەڕەی
لێوت
دەگری خاکم
ئێستاش کە ئێستایە.
بە هەزار جار خۆشەویستی،
بۆ سێ گەڵا،
لە دوو شەپۆلی سەوزدا،
چوار جار ئاواز خوێنی خاک
دەبم بە چرۆ لە گوڵدانی
گەلاوێژت.
دەگرم باڵ لە بەرزی منارەی
عومرت،
با بۆ جوانیت سەردەکەوم
هەرمێ
هەرمێ
لە نێو قەدی گەورە بوون.
ئێستاش کە ئێستایە
تابزانم لە گومان دام
لە هەر ستوونێکی شێعرا
پشت دەبەستم بە هۆنراوەت.
بۆ رۆژی لەدایك بوونت
تەنیا من نیم دەخۆم حەسرەت،
خوداش چاوەڕوانی تۆیە
تێپەڕی جارێك خۆزگە
لە چۆڵی کۆڵانی عەشقمان
یا هەناسەت بدەی لە پەنجەرەی
خەیاڵمان
رۆژکەیەوە شەوگاری تاریکی
تەمەن!!
تا پێ بگەم لە باوەشی
مانگێکی نوێ،
بدەیە دەستانم وێنەت
کاتێك تۆفانییە جەستەم.
لە وێستگەی مێژووتەوە
بمگەیەنە بە هیواکان.
یا سەرەتای وەرزێکی نوێ
تا هەڵفڕین
بۆشکاوی باڵەکانم
بچۆڕێنە تەزووی گەرمات
دەگەڕێم لێت
ئێستاش کە ئستایە
لە قووڵی قوراگەکاندا
هەزاران جار وشە وشە
دەبینم خەون بە حەسرەتی
نۆتەی نێوت.
لە سێ هێمای زەددەشتەوە،
تا شەقاری دەماری هەردوو
دەستانم
لە چوار وەرزی ئامێزی وڵاتمدا
ئیستاش کە ئێستایە دەگەڕێم
لێت.
لە تنۆکی میحرابی روحت
تا بێم و ببینمەوە فەلسەفەی
خۆم
لێکدەمەوە هەموو باڵای
سوور و سپی و سەوزی خاکی
فرمێسکاویم،
یا تەفسیرکەم خۆرو رۆژی
وڵاتەکەم
بگرە دەستم
بێ کۆتایی ببارە تۆ لە ژیانم
تا بمهەوێ بناسم خۆم...
بۆ هەڵوەرینی زستانەکانی
ژینت
دابەشم کە هەر بیست و پێنج
جار
بەسەر مانگت.
بۆ هەزار و یەکشەوی
شێعرەکانم
بمگەیەنە بە خودای خەون
من چاوەڕوانم
ئێستاش کە ئێستایە.
تا پێ بگەین لە باوەشی
مانگێکی نوێ،
بدەیە دەستانمان وێنەت
کاتێك تۆفانین جەستەکان.
تا بمانهەوێ باسین خۆمان
بنوسیەوە پیت بە پیت
لە فەرهەنگی وڵاتاندا.
تێپەڕە لە چۆڵی کۆڵانی
عەشقمان
جارێك
لە وێستگەکانی مێژووتەوە
بمانگەیەنە بە هیواکان
چاوەڕێین بۆ هەڵوەرینی
زستانەکانی ژینت
لە بیست و پێنج رۆژەی
هەرمانگێکت
دابەشمان کەی
بمانگەیەنیە خودای خەون
شەوانی شووم!
ئێمە کە لێت دەگەڕێین
لە قووڵی قورگەکاندا
دەبینین خەون
هەزاران جار وشە وشە
بە حەسەرەتی نێوت.
لە سێ هێمای زەردەشتەوە
تا شەقاری دەماری هەردوو
دەستێك
دەگەڕێن لێت
لە چوار وەرزی ئامێزی وڵاتماندا
ئێستاش کە ئێستایە
تا بمانهەوێ بناسین خۆمان.
بنوسیەوە پیت بە پیت
لە فەرهەنگی وڵاتان دا
لە دڵی خەریتەکانی جیهاندا
بەرز بەوە
وەك ستوونێك
وە ئەوکات لە باوەشی
کوردستاندا
هاوارمان بکە
شەپۆل شەپۆل ئێمە کە
نەوەکانی ( ژ.کاف) ین
هاوارمان بکە!!!

# نەقڵی پوور خاتوون و حیزبی دێموکرات

نووسینی: رەزا فانی یەزدی
و: رەسووڵ سوڵتانی



چەنگ مانگێک بوو هاتبووە مەشهەد. وەکی خۆی دەی گێڕاوە، گۆیا لە رووداوی پاوەدا کە لە راستیدا یەکەمین تێک هەڵچوونی نێوان هێزەکانی کورد (پێشمەرگە)و سوپاو ئەرتەش بووو چەند مانگێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران رووی دا، براگەورەی کوژرابوو. لەسەر داوای دایکی، ئەو کات کە مامۆستا بوو دەستی لە کارو کاسبی لە کوردستان هەڵگرتبوو رێگەی مەشهەدی گرتبووە بەر. چونکە پێی وابوو چونکە مەشهەد لە هەموو جێیەک دوورترە لە کوردستانو لە سایەی ئیمام رەزاوە لە شەڕ بەدوورەو باشترین پەناگەیە. کورتی ببڕینەوە هاتبوە مەشهەد. یەک دوو ساڵێک لەوێ مابۆوە، پەیکانێکی کڕیبووو موسافیرکێشیی دەکرد. (وا رێ دەکەوێ) دەگەڵ کچێکی مەشهەدی ئاشنا دەبێتو ژیانی هاوبەش پێک دێنن. وەکی خۆی دەیگوت خێزانەکەی مامۆستای سەرەتایی بوو. سەعد کە ماڵو سامانێکی نەبوو، بۆ کچەکە چوو بووە سەر ماڵێ. خەزوورەکەی بەزەیی پێیاندا هاتبوو، دێوێکی دابوونێ پێکەوە تێیدا دەژیان. سەعد بێجگە لەوەی بە پەیکانەکەی موسافیری دێنانو دەبردن، وەکی دەی گوت، جارو بار سەردانێکی بۆنگای مامەڵە کردنی گەڕەکیشی دەکرد. یارمەتیی خاوەن بۆنگای دەکردو ماڵی چۆڵی بۆ دەدۆزینەوەو جاروبارەش چایی بۆ مشتەریان دادەنا. دیار بوو سەعد زۆر لەوانەی هاموشۆی ئەو بۆنگایەیان دەکرد ناسیبوون. کە دانیشتوانی گەڕەکی "پنجراە" بوون. مەشهەدییەکان زیاتر پێیان دەگوت "پنجراە"ی سەروو شەقام. ئەوانی بڕێک کۆنتر ئەوکاتی هێشتا "پنجراە" ساز نەکرابوو بە ناوی گۆڕەپانی سێدارە دەیان ناسی. گۆڕەپانی سێدارە جێگەیەک بووە کە پێشتر لە بەر چاوی خەڵک خەڵکیان لەوێ لە سێدارە دەدان.

کورتی ببڕینەوە لەو ماوەیەدا کە لە مەشهەد بوو زۆر کەسی ناسیبوون. بۆ وێنە زۆر لەو کوڕە کوردانەی بۆ سەربازی نێردرابوونە مەشهەد. خۆی دەیگوت لەو دەمەوە هاتۆتە مەشهەد ئیتر هیچکات لە ترسان نەگەڕاوەتەوە کوردستان.

زیاتر لە چەند رۆژێک نەدەبوو کە پێکەوە بووین. بێجگە لە یەک دووانێک هەموویان لە ژووری تاکەکەسیەوە هێنا بووین. تۆبە پێکردوویشمان دەگەڵ بوون هەم بە ئاشکراو هەم بە نهێنی. لێپێچینەوەی سەرەکیی هەموومان تەواو ببوو. هەر بۆیەش ئێستا لە بەندی گشتیدا بووین دوو کەسمان نەبێ ئەوەی لەو دیوەدا بووین ئەشکەنجە کرابووین. بەڵام دووانی دیکە لە هەمووان سامناکتر ئەشکەنجە کرا بوون، سەعدو ئەکبەر ئاغا. بەسەرهاتی ئەکبەر ئاغا دەبێ دواتر بە تێرو تەسەلی بنووسم.

سەعد سەرەڕای ئەوەیکە چەند مانگێک دەبوو کە لێپرسینەوەی لێنەکرابو، بەڵام هێشتا لاقەکانی هەتا سەر ڕانی شینو مۆر ببوونەوە. بەری پێی لەچەند جێگەیەکەوە پچڕا بوونو وەک ئێمە دەمانگوت گۆشتی زیادیی هێناوە. ئەشکەنجە یان وەک لێپێچەرەکان(بازجو) دەیانگوت هەزاران شێوازی هەبوو بەڵام کابڵ باوترینو خراپترین شێوەکەی بوو. بەو جۆرە بوو کە زیاتر پاش چەند پرسیاری بە مشتە کۆڵەو پێلەقەوە، دەمەوڕوو لە سەر زگ لە تەختەکەیان دەبەستی. دەستەکانت بەم لاو ئەولادا لێک ئاوەڵا بەتەختەوە دەبەسترانو بەری پێت لە خوارەوە جووت دەبوون. جاروبار یەکێک لە لێپێچەرەکان لە سەر پشتت دادەنیشت بۆ ئەوەی لە کاتی شەللاق لێدان دا زۆر هەڵنەبەزیتەوە. ئەگەر یەکەمجار بوایە کە هێشتا گۆرەوییەکانت لە پێدان، گۆرەویەکانتیان لە زارت دەئاخنی کە نووزەت دەرنەیە. بۆ جارەکانی دوایی ئیتر نەتدەزانی گۆرەویی کێت لە دەم دایە. جاروبارەش بە زاری ئاوەڵا لێیان دەدای. دیارە هەر لێپێچەرێک شێوە داهێنانی تایبەت بە خۆی هەبوو. کابڵەکانیش ئەندازەکانیان جیاواز بوون. زیاتر بە کابڵی ئەستوور دەستی پێدەکرد. کابڵی ئەستوور ئەوەی هەبوو بە توندی دەوەشێندراو لاقەکانتی ئەستوور دەکرد. کە شێست حەفتایەکت وێ دەکەوت ئیتر وەک لێپێچەرەکان دەیانگوت لاقەکانت دوو هێندەی پێشوویان لێدەهات. هێندێکیان کە دەیانویست برینەکانت وەسوێ بێنەوە، لێتیان دەپرسی: ژمارەی پێت چەندەیە"؟ دەتگوت ٤١، دەی گوت: بۆتی دەکەمە هەشتا.

دیارە هەشتا، هێندێ زۆر پێوەنان بوو بەڵام بە ئاسانی پاش یەکەمین خولی لێ پێچینەوە لانیکەم دەگەیشتە شێست. پێشتر پێڵاوەکانتیان لێ ئەستاند بووی. خۆ ئەگەر پێشت بوایەن بۆ پێت نەدەبوون. دەمپاییەکان ئەگەرچی زۆر زل بوون بەڵام دیسانیش هیچیان بۆ پێت نەدەبوون. راستیەکەی بە بێ دەمپایی زۆر خۆشتر بوو. پێستی بەری پێ لەبەر ئەستوور بوون ئەوەندە ناسک دەبۆوە کە ئەگەر دەنکە کایەکیشی وێدەکەوت پێت وابوو چەقۆی تێڕادەکەن. دەلینگی شەلوارەکەت کە وەپشتی پێت دەکەوت دەتگوت یەکێک دەی هەوێ گوێزانی پێدابێنێ. جا ئێستا پێت بە زەبری کابڵ بە جوانی ناسک بۆتەوە، نۆرە دەگەیشتە کابڵی باریک. کابڵی باریک زیاتر بەری پێی دەپچڕاند. کاتێک لە سەر یەک، لە جێ پچڕاوەکەیان رادەکێشاو دیسان دەپچڕایەوە ئیتر چابوونەوەی ئەستەم بوو، ئەو جارە پلکە گۆشتێک لە نێوان شەقارەکانەوە دەهاتە دەرێو بەری پێ بە پلکە گۆشتی زیادیەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی لەدەست دەدا. ئێمە بەوەمان دەگوت: گۆشتی زیادیی هێناوە. بیر لەوە بکەوە نێو پێڵاوەکانت بەردەوام لەتە دار یا خیسکە یا پارچەیەکی گلۆڵە کراوی تێدا بێ، چ هەستێکت دەبێ؟ کە بەری پێت گۆشتی زیادی دێنێ بەمجۆرەیە. دەبێ نەشتەرگەری بکەیو گۆشتە زیادییەکانی دەربێنی بۆ ئەوەی بەری پێت وەک خۆی لێ بێتەوە. چەند جێگەی بەری پێیەکانی هەر دوو لاقی سەعد گۆشتی زیادیی هێنابوو. هەر بۆیەش کاتێک بە رێگەدا دەڕۆیشت هەروا دەشەلی.

شەوێ کاتژمێر ٧ تا ٨ شەوێ هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیو دەیگرن. دەی گوت ژنەکەی هەر چەندی گریاوەو خۆی رنیوە کە چ بووەو بۆ کوێی دەبەن، جوابیان نەدابۆوە. دەیگوت خەزوورەکەی زراوی چووبوو بەڵام هیچی نەدەگوت، تەنیا لە کاتی بردنی دا چاوەکانی پڕ بوون لە ترس بەڵام هیچ کارێکی نەکردبوو.

سەعدیان وەک تەواوی ئەوانەی ئەو کات دەگیران خستبوە نێو ماشێن. ئەو کات وا باو بوو کە ئەگەر لە شەقام بوایەی لە ناکاو یەک دوو ماشێن کە هەر کام چوار کەسیان تێدا بوو، هەڵیان دەکوتا سەرت، کیسە پارچەیەکیان بە سەر دادەکردیو دەیان خستیە نێو ماشێن. لە نێوان دوو کەسیان دەگرتی لە پشتەوە. بەزۆر سەریان پێ دەنێو لینگانت دەنای بۆ ئەوەی دەرەوە نەبینیو لە دەرەوە ڕا نەت بینن. دواتر بێسیمەکانیان دەنگی لێوە دەهات: "سوژە گیرا". هەر سوژەیەی ناوێکی هەبوو. یەکێ سمێل فش بوو، یەکێک چاویلکە لە چاو، ئەوی تر سەر سوور. ئێمە هەر کام ناوێکمان بۆ دانرابوو. لەبیرم نیە سەعد گوتی چ ناوێکیان لێ نابوو. ئەگەر لە ماڵیش دا گیرابای تۆفیرێکی نەبوو. کە لە ماڵەوە دەیان بردیە دەرێ بەو جۆرە دەگەڵت دەجووڵانەوە. سەرتیان دادەپۆشیو بە چەپۆکو مشتەکۆڵان ناچاریان دەکردی سەرت لە نێو لینگت بنێی. نەدەبوایە فزەت لێوە بێ تا دەگەیشتیە گرتووخانە. جاری وا بوو بە چەندین سەعات چاوەڕوان دەبووی کە یەکەمین لێپێچەر بێتە شوێنتو لێپێچینەوەت دەست پێ بکا. جاری واش هەبوو هەر دەگەیشتێی راست دەیان بردی بۆ ژێر زەمین.

ژێر زەمین هەر ئەو شوێنە بوو کە لێپێچەرەکان پەیجۆ (معجزە)یان تێدا دەکرد.

سەعد ئیتر تاقەتی کابڵو مستو پێلەقەی نەهێنا بوو، بۆ خۆی گوتەنی دەستی کردبوو بە ددان پێدانان (اعتراف). بەر لە هەر شتێک قبووڵی کردبوو کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانەو لە مەشهەد خۆی شاردۆتەوە. ئەشکەنجەکە درێژەی کێشابوو. لەسەر پێداگریی لێپێچەرەکە گوتبووی هاتووی بۆ "پێوەندی گرتن"، گوتبووی بەڵێ هاتووم بۆ پێوەندی گرتن.

جا ئەو جارە نۆرەی سەعد بوو پەردە لەسەر قەرارو بڕیارەکانی لە مەشهەد، لابدا. سروشتی بوو کە دەبوایە لە کوڕە کوردەکانەوە دەست پێ بکا. چەند سەربازێکی کوردی نێو زیندانی مەشهەدی وەک ئەندامی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" پێوە کردبوو. دوای چەند رۆژان، یەک بە یەک لە حاڵێک دا ئەشکەنجە درابوون دەگەڵ سەعد بەرەوروویان دەکەنەوە، سەعد دەی گوت: دەگریانو دەیان گوت: بۆ درۆت کردوە ئاخر ئێمە چ پێوەندییەکمان بە تۆوە بووە؟ خۆ ئێمە هەر نەشمان دەزانی ئەتۆ ئەندامی حیزبی دێموکراتی.

سەعد کە بە دیتنی ئەوان تەواو غوربەتی هەڵدەستێ بە لێپێچەرەکەی وتبوو: درۆم کردوەو ئەوانە هیچیان لایەنگری حیزبی دێموکرات نەبوونە. حاجی ئاغا رازینی کە ئەو کات حاکمی شەرع بوو لەبەر ئەو درۆیە حەفتا زەبر شەللاقی بۆ دەنووسێ. سەعد رۆژی دوایی لە ژێر شەللاق دا گوتبووی رۆژی پێشوو درۆی کردوەو ئەوانە ئەندامی حیزبی دێموکراتن. نەک هەر ئەوان بەڵکو ناوی چەند کەسێکیش لەوانەی هاموشۆی بۆنگاکەیان کردبوو وەک ئەندامی حیزب ناساندبوو.

بۆ سبەینێیەکەی دیسان سەعد ـ یان ـ دەگەڵ ئەوانەی ناوی هێنا بوون بەرەو روو کردبۆوە. سەعد دەی گوت هەموان دەلالانەوە کە چ خراپەیەکیان بۆت هەبووە؟ بۆچی درۆت کردوەو بۆ رزگار بوون لە ئەشکەنجەو کابڵ بە درۆ تۆمەتی بۆ هەڵبەستوونو ئیتر بە گریانو لالانەوە داوای لێبووردنی کردبوو. حاکمی شەرع دیسانیش لەسەر ئەو درۆیانەی بە تێهەڵدانی دابۆوە. سەعد ئەمجارە لە ژێر زەبری شەللاق دا چووبوە سەر عەمەلیاتەکانی کوردستانو گوتبووی لە چەندین عەمەلیات دا بەشدار بووە. کاتێک باسی عەمەلیاتی کردبوو، لە تەختەکەیان کردبۆوە بۆ ئەوەی بنووسێ. سەعد لە خۆشحاڵیو لە ترسی بەسترانەوە لە تەختو ئەشکەنجەو ئازاری سەر لە نوێ، هەتا توانیبووی نوسیبووی. هەرچی بە مێشکی دا هاتبوو، لە بوونو نەبوون، نووسیبووی. زیاتر لە فیلمە سینەماییەکان دەچوو: گوتبووی نەک هەر لە چەند عەمەلیات دا بەشداریی کردوە بەڵکو لەو عەمەلیاتانەدا جێگری قاسملووش بووە. بە تۆپی ١٠٦ هێلیکۆپتەری بەردابۆوە. نووسیبووی، هەر بە دەستی خۆیو بە ئارپیجی چەندین تانکی راوکردبوو. بە کورتی، ئەو جۆرە دەیگێڕاوە، هەرچی لە هەواڵەکانو لە فیلمەکانی شەڕی عێراقو ئێران دیتبووی خۆی لە جێگەی فەرماندەی عەمەلیاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی هێزەکانی سوپاو ئەرتەش دانابوو.

کە لە نووسینەکان ببۆوە دیسان سەعدی چارەڕەش لێ پێچینەوەی لێکرابوو بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتری لێوەرگرن. ئەمجارە گوتبووی چەکێکی زۆری هێناوەتە مەشهەدو لە باخچەی ماڵی خەزوورەی بۆ رۆژی تەنگانەو عەمەلیاتی حیزب لە خوراسان شاردویەتەوە.

چەندین ماشێنی سوپا رژابوونە ماڵەکەیانەوە. دەستیان کردبوو بە هەڵکۆڵینی باخچەو حەوشەو خەزوورەکەی لە ترسان عەقڵی بڕی نەکرد چ بکا. ئەو تێگەیشتبوو کە زۆر خراپ ئالۆزی کردوەو مەسەلەکە قووڵ بۆتەوەو لەوانەیە سەعد لە حاڵەتێکی زۆر خراپ دابێ. بەڵام نەیوێرابوو فزەی لێ بێ. گۆیا سەرچاوەی کێشەکە خەزورەکەی بووە. خەزوورەکەی کە لەم دواییانەدا دیتبووی سەعد بۆ کچەکەی خراپە، وەک بڵێی بۆ تەمبێ کردنی ئەو، تەلەفۆنی کردبوو بۆ سوپاو بە بێ ئەوەی خۆ بناسێنێ سەعدی وەک کوردە دێموکراتێکی راکردوو پێ ناساندبوون. دوو سەعاتی بەسەر دا تێناپەڕێ کە چەند ماشێنێکی سوپا هەڵ دەکوتنە سەر ماڵەکەیانو سەعد دەبەن. ئێستا کە پاش چەند رۆژان حەوشەو حەساری لێ هەڵ دەکۆڵن تازە دەزانێ چ...یەکی خواردوە.

چەند رۆژ دواتر، چەند کەسێک لەوانەی هاموشۆی "بۆنگا"یان کردبووو سەرو سڵاوێکیان دەگەڵ سەعد هەبوو لە ددان پێدانانەکانیدا وەک ئەندامو لایەنگری حیزبی دێموکراتی ناساندبوون، لە سوپا بەر دەبنو هەزار تفو لەعنەت لە خەزووری سەعد دەکەن. خەزوورە ئێستاکە دەزانێ چی کردوە. بەوپەڕی ترسەوە دەچێتە سوپاو دەڵێ کە راستیەکە چ شتێک بووەو ئەو بووە کە بە تەلەفون سەعدی وەک دێموکراتێکی راکردوو ناساندوەو ( ئێستاش) لە سوپاو خوا داوای لێبوردن دەکا. لە رووی هەڵنایە چاو لە رووی سەعد بکا. لێپێچەرەکانیش هێشتا دڵنیا نین کە چیرۆکی راستەقینە ئاوا بووە. هێشتا ئیزنیان بە سەعد نەداوە نە چاوی بە خەزوورەکەی بکەوێو نە بە هاوسەرەکەی.

دیسانیش سەعد دەبەنەوە بۆ لێ پێچینەوە. هێشتا چەند کابڵێکی وێنەکەوتوە، کە دیسانیش دەست هەڵ دەبرێو دەڵێ قسەی هەیە. ئەمجارەیان حوسێن ئاغا وەک پێوەندیی نێوان خۆیو حیزب لە مەشهەد دەناسێنێ. لێپێچەر، کە راست دوای لێکۆڵینەوەی تەواو لە شوێنی کارو بۆنگا، هەموو گەڕەک سەنگو سوژن دابوو لە سەرەتاوە دەیزانی حوسێن ئاغا کێیە. چەپۆکێک لە سەری سەعد رادەکێشێو دەڵێ: سەگباب بۆ درۆ دەکەی؟ ئەم کابرایە نێربازە کاری بە حیزبی دێموکرات چیە. دیسان سەعد تێی هەڵدەدرێو ئەمجارەیان سەعد پوورە خاتوونی وەبیردێتەوە. پوورێ، دەبێ ژنێکی گەڕەک بووبێ کە جلوبەرگ شۆر بووەو هاموشۆی خەزووری سەعدی کردوە. سەعد بۆ رزگار بوون لە چنگ کابڵ ئەو وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات دەناسێنێ.

ئەوە پەیجۆی ژووری لێ پێچینەوەیە کە میمکە، پیرەژنی جلشۆری گەڕەکی "پنجراە"ی سەروو شەقامی سەرووی مەشهەد، بە هۆی سەعدەوەو لە ژێر زەبری کابڵو ئازارو ئەشکەنجە دا فۆرمی ئەندامێتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕ دەکاتەوە.

سەعد دەستی دەبنەبانێ گێڕابوو. هەر کەسێکی دەناسی ناوی هێنابوون. دەیگوت خۆزگە هێندێ لە ئی واشم دەناسین کە لانیکەم سیاسینو تا تێیان هەڵ دەدانو زانیاریتان هەڵ دەڕشت چەند رۆژێک پشوویەکم دەهاتەوە بەرەخۆ.

لە چارەڕەشیان، تەواوی ئەوانەی دەی ناسین زوو دەردەکەوت هیچیان لەبن سەری دا نیە، نە لە باخچەی ماڵی خەزووری دا چەکێک دۆزرایەوەو نە کوڕە کوردە سەربازەکانیش بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەرچوون، نە خەڵکی گەڕەک کە سەرو سڵاوێکیان دەگەڵ سەعد هەبوو ددانیان بە ئەندامێتی دانا. ئەندامێتیی حوسێن ئاغاو پوورە خاتوونیش لە حیزبی دێموکرات دا وا ببۆوە گاڵتە جاڕ کە لێپێچەر پەروەندەکەی بەستبوو.

خۆش ئەوە بوو کە دوای هەمووی ئەوانە، حاجی ئاغا رازینی وێڕای لێپێچەر چووبووە دیوەکەیو گوتبووی: ئاخیری ئێمە زانیمان هەرچی وتووتە درۆ بووە. بەڵام بۆ تەواوی ئەو درۆیانەت، دەبێ جارێکی دیکەش حەفتا زەبری شەللاقت وێکەوێ.

سەعد دەستی کردبوو بە گریان کە ئاخر حاجی ئاغا تۆ خوا لێم مەدەن. هەرچی گوتومە راست بووە، و ئەگەر دەخوازن دیسانیش دەنووسم. دەیگوت هەر ئەوەم گوت: حاجی ئاغا دای لە قاقای پێکەنینو گوتی: سەگباب، هەر ئێستاش درۆت کرد. تێهەڵدانەکەت دوو بەرامبەر بوو. ئێستا دەبێ دوو حەفتایت وێکەوێ.

پاش ئەوە ئیزنی چاوپێکەوتنیان دابوو. دەیگوت، چاوی بە خێزانەکەی کەوتبوو. خەزووریشی هاتبوو. بەڵام یەکتریان نەدواندبوو. دەیگوت: ئەگەر عەلی ئاغا نەبوایە دەمو ددانیم تێک دەکردەوە. عەلی ئاغا مەئمووری چاوپێکەوتن.

لێپێچەر پێی گوتبوو: هەتا برینی پێت چا نەبنەوەو شینو رەش هەڵگەڕاوییەکانی تەواو نەبن لێرە میوانمانی (نارۆی).

یەک دوو مانگان پێکەوە لەو دیوەدا بووین. دوای چەند مانگ ئێمەیان بردە دادگاو ناردیانین بۆ زیندانی وەکیل ئاباد. پاش ئەوە چاوم بە سەعد نەکەوتەوە. ئەو کوڕانەی دواتر لە سوپاوە هاتنە سەرێ؟ دەیانگوت، کاتێک بەری پێیانی چابوونەوە بەریان دا.

١٥ ئاگۆستی ٢٠٠٧

ماڵپەڕی: "اەخبار روز"

# مامەند رۆژە: "سیستەمی سیاسیی تورکیە تاقە شوناسەو زەرفیەتی قبووڵکردنی شوناسە ناتورکیەکانی نیە"

دیمانە: عەولا بەهرامی



**ـــ هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەمجارەی حیزبی دادو گەشەپێدانو هەروەها گرتنەدەستی پۆستی سەرۆك کۆماری لە لایەن عەبدوڵلا گول لەچی دا دەبینی؟**

مامەند رۆژە: لە تورکیە هەموو داتاکان ئەوە پێشان دەدەن کە قۆناغی کۆماری یەکەم بەسەر دەچێتو قۆناغی کۆماری دووهەم دەست پێ دەکا. بەربژاری گواستنەوەی قۆناغیش پارتی دادو گەشەپێدانە.

لە راستیدا سەرکەوتنی پارتی داد کۆمەلێك هۆی ناوەکیو دەرەکیی هەیە. ئێستا پارتی داد هەر سێ پۆستە گرنگەکانی سەرکۆماری، سەرۆك وەزیرانو سەرۆك پارلمانی بەدەستە.

سیستەمی کەمالیزم گەیشتبووە بنبەست. ئەو پارتانەش هەڵگری ئەم ئیدئۆلوژیایەن لە قەیران دان. بۆ نموونە پارتی کۆماری گەل کە پارتی ئەتا تورکەو لەسەر هێڵی چەپی ناوەراستە چیتر توانای چارەسەر کردنی پرسەکانی وڵاتی نەماوەو ئەزموونی بەرێوەبەرێتیشی لەو پەڕی گەندەڵی دایە. یا خود پارتەکانی راستی ناوەراستی لە بابەتی پارتی رێگای راستو پارتی دایکی نیشتمان کە بەر لە هەڵبژاردن یەکیان گرتو بە ناوی (پارتی دێموکرات) دەستیان بە پرۆپاگەندە کرد، لە ماوەی بەرێوەبەرێتیی خۆیاندا ئەزموونێکی ناسەرکەوتوویان هەبوو، پێگەی کۆمەلایەتیی خۆیان لە دەست دا.

هەروەها سیستەمی سیاسیی تورکیا بەسراوەتەوە بە ئیدئۆلۆژیای رەسمییەوە کە کۆمەلێك دۆگماو تەنگژەی بۆ ئەم وڵاتە دروست کردوە. ئیدئۆلۆژیای رەسمی لە دەستووردا چەسپێنراوەو ئەمەش وای کردوە کە دەستووری تورکیا لەگەڵ نۆرمو کرایتەرەکانی یەکیەتیی ئورووپاو جیهانی شارستانیدا نەگونجێت.

هەروەها سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە تاقە شوناسە و زەرفیەتی قبوولکردنی شوناسە ناتورکیەکانی نیە. لە لایەکی دیکەش سپای تورك لە ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٨٠، ١٩٧١دا بە بیانووی پاراستنی کۆمارو بەرپەرچدانەوەی مەترسیی چەپو جوداخوازی چەند کۆدەتایەکی ئەنجام داوەو دوای هەر سێ کۆدەتاکەش سێ جاران دەستووری تورکیای گۆڕیوە. لەم گۆڕانکاریانەدا سپا بە پێی دەستوور جێی خۆی کردۆتەوەو ئێستا لە تورکیا دەزگایەك هەیە بە ناوی (دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی) کە تێیدا فەرماندەکانی سپاو سەرکۆمارو سەرۆکی حکوومەت سیاسەتی تورکیا دادەرێژن کە ئەمە لە وڵاتانی دێموکرات دا نموونەی نیە.

لە لایەکیتر لە دوای ١٩٥٦ەوە ئەمە یەکەمجارە تاقە پارتێك گۆی هەڵبژاردن دەباتەوە. لە تورکیا لە ساڵی ١٩٤٦دا سیستەمی تاقە پارتی لابراو سیستەمی فرە پارتی قبووڵ کرا. تا ئەم ماوەیە تەنها پارتی کۆماری گەل حوکمی دەکرد کە بە پارتی رەسمی ناسراوە. دوای ئەمە پارتی دێموکرات دامەزراو لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٠دا سەرکەوتو رێژەی ٤٢./.ی دەنگەکانی بردەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٤یشدا ئەم پارتە دووبارە سەرکەوتەوەو ٤٦./.ی دەنگەکانی بە دەست هێنا. سپا ئەمەی پێ قبووڵ نەکراو لە ١٩٦٠دا کۆدەتای کردو پارتی دێموکراتی هەڵوەشاندەوەو عەدنان مەندەرەسیشی کوشت.

ئەمجارەیان پارتی داد جاری یەکەم ٤٢./.ی هێناو جاری دووهەمیش ٤٧./. هێنا واتە کۆمەڵگای تورکیە لە شتێکی تازە دەگەرێتو لە سیستەمی کۆن بێزار بووە.

لە رووی هۆیە دەرەکیەکانیشەوە ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا پشتیوانی لە پارتی داد دەکەن. ئیدئۆلۆژیای رەسمیی کەمالیزمو داگیر کردنی قبرسو سیستەمی سپاسالاری هەنووکە بۆ ئەم وڵاتانە خوازراو نیەو گەرِی سەرمایەش تورکیایەکی دێموکراتی دەوێت. هەروەها ئەم وڵاتانە دەیانەوێ وەك کریستیان دێموکراتەکانی ئورووپا مۆدێلی (ئیسلامی لیبراڵ) پێش بخەن. بۆیە رەوشی دەرەکییش بۆ پارتی داد لەبار بوو.

**ـ هەڵبژێرانی عەبدوڵلا گول بە دەنگی رێژەیی پارلمانو گرتنەدەستی پۆستی سەرکۆماریش لە لایەن حیزبی دادو گەشەپێدانەوە، سەرەرای دژایەتیی توندی سوپاییەکانو نەتەوەگەراکان، چەند دەستیی ئەم حیزبە بۆ کردەیی کردنی ئەو ریفۆرمانەی ئەم حیزبە دەیهەوێ لە دەستووری تورکیەدا پێك بێنێ ئاوەلا دەکا؟**

**مامەند رۆژە:** نەخێر پارتی داد چەند دەست نیەو حیزبێکی هۆمۆژێنەو تا رادەیەك توانیویەتی نوێنەرایەتیی زۆربەی پێکهاتەکانی تورکیا بکات. سەرکۆماری لە تورکیا پۆستێکی گرنگەو ساڵەهایە کەسێکی بە دڵی سپا بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێراوە، چونکە سەرکۆمار فەرماندەی گشتییەو دادگای دەستووری باڵاشی بەدەستەو دەتوانێ حکوومەتو پارلمان هەڵوەشێنێتەوە. سپا کەسێکی کەمالیستیی دەوێتو کاتێك دەزانێت قەلای (چانکایا)ی لە دەست دەچێت دەکەوێتە پەرچەکردارەوە.

پارتی داد پارتێکی کەمالیست نیەو دەیەوێ رێفورم بکا. بەم دواییە پرۆفیسۆر ئەرگین ئوزبودون رایگەیاند کە پارتی داد کۆمیسیۆنێکی بۆ گۆڕینی دەستور داناوەو دەیانەوێ لە دەستووری نوێدا جێی پرسی کورد بکەنەوە و بەندەکانی کەمالیزم لابەرن. بەڵام ئەوەی مرۆڤ نیگەران دەکا هەڵوێست و رەفتاری سیاسیی پراگماتیستیی ئەم پارتەیە. رابەرانی ئەم پارتە زۆر هەوڵ دەدەن لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا بالانس رابگرنو ئەمەش خەسارە.

**ـ ئایا ئەگەری ئەوە نیە کە سوپای ئەم وڵاتە هەروەك دەیەکانی پێشوو ئەمجارەیان بە بیانووی وەمەترسی کەوتنی بەهاکانی سیکۆلاریزم کودیتا بکا؟ چونکە وەك دەزانین ئەوان خۆیان بە پارێزەری بەهاکانی سیکۆلاریزمو کەمالیزم دەزاننو تەنانەت لە رێورەسمی سوێندی یاسایی خواردنی گوڵدا ئامادە نەبوون.**

مامەند رۆژە: پێناچێت سپا کۆدەتا بکا، چونکە خۆیان دەزانن کۆدەتا وایان لێ دەکا کە بانکی جیهانیو سندووقی نێونەتەوەیی دراوو قەرز نەدەنە تورکیا. بۆ خۆشیان ناتوانن وڵات لە قەیرانەکان دەرباز بکەن، دەنا ئەمانە نەبووایە دەمێك بۆ ئەنجامیان دەدا. ئێستاش سپا زۆر نارەحەتو نیگەرانەو لە دواهەمین بەیاننامەشیان دا رایان گەیاندوە: هیچ کات بە قەد ئەم ساڵانە هێزە چەکدارەکانی تورك لە ژێر هەرەشەی ناوەوەو دەرەوەدا نەبووە.

**ـ سەرکۆماری لە یاسای بنەرەتیی تورکیەدا چەندە دەسەڵاتی هەیەو چەندە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکانو بڕیارەکانی پارلمانو دەوڵەت هەبێ؟**

مامەند رۆژە: سەرکۆمار لە دەستووری تورکیادا فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەو سەرپەرشتیاری دادگای دەستوورییەو مافی ڤیتۆی بڕیارەکانی حکوومەت و یاساکانی پارلمانی هەیەودەتوانێ کاتێك پارلمانو حکوومەت پرۆژەی رێفۆرم پەسند بکەن، قبووڵی بکاو دەستووری وڵات بگۆڕێت.

**ـ کورد لە کوێی ئەو گۆڕانکارییانە دایە کە گۆیا حیزبی دادو گەشەپێدان دەیهەوێ پێکیان بێنێ؟ سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیداکانی حیزبی دادو گەشەپێدان لە ناوچە کوردنشینەکاندا بۆچی دەگەرێتەوە؟**

٥مامەند رۆژە: پارتی داد لە پرسی کورد دا پاشو پێش دەکات لە لایەك لە کوێ ٥٥٠ کورسیی پارلمان ١٢٢کورسی بەر کوردستان دەکەوێتو پارتی داد ٩٠ کورسیی کوردستانی بەدەست هێناوە ناتوانێ هاووڵاتانی کورد پشتگوێ بخا، لە لایەکیتریش سپاو پارتە نەتەوە پەرستەکانی دیکەش بەردەوام هەرەشەی مەترسیی جیاخوازی دەکەنو پارتی داد لە نێوان هەردووکیان دایە. بەم دواییە رایان گەیاندوە بۆ گۆڕینی دەستوور دەیانەوێ خوێندنی زمانی کوردی بکەنە دەرسی ئازادی قوتابخانەکان. سەرکەوتنی پارتی داد لە کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ململانێی ئەم پارتەو سپاو پارتە نەتەوەپەرستەکانو هەروەها ئیجرائاتی لە کاتی حکوومەتی پێشوودا، هەروەها دیارە خەڵکی کورد لە پارتە کوردییەکانیش نائومێد بوون، روویان کردۆتە پارتی داد.

**ـ یەکیەتیی ئورووپاو ئەمریکا چۆنیان پێشوازی لە هەڵبژێرانی عەبدوڵلا گوڵ بە سەرۆکایەتی تورکیە کردو بەبڕوای بەرێزت حیزبی دادو گەشەپێدان چەندە دەتوانێ مەرجەکانی وەرگیرانی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا جێبەجێ بکا؟**

مامەند رۆژە: ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا پێشوازییان لێکردو بە سەرکەوتنی دێموکراسییان لە قەڵەم دا. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کۆمیسیۆنی ئورووپاو پارلمانی ئورووپا بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد.

**ـــ سەرکەوتنی حیزبی دادو گەشەپێدان کە حیزبێکی ئیسلامییە وەك سیکولارەکانی تورکیە دەڵێن چەندە مەترسی بۆ سەر بەها سیکولاریستەکانی تورکیە دروست دەکا؟**

مامەند رۆژە: نەخێر پارتی داد پارتێکی ئیسلامی نیە بەو واتا کلاسیکیەکەی. ئەم پارتە پارتێکی (ئیسلامیی لیبراڵ)و لە ناویدا گەلێك کادری سیکۆلارو لاییك هەنو بە کورتی پارتێکی کراوەیە. بە پێی پرۆگرامەکەشی کایەکانی دیموکراسیی قبووڵ کردوەو هەرەشە نین بۆ سیستەمی نیمچە دێموکراتی تورکیا.

دریژەی

# بەم چەشنە بکوژێك بووتە دیپلۆماتێکی پایەبەرز

تەنیا چەند سەد میترێك مەودای لەگەڵ ماڵەکەی دیکەیدا هەم بووو لەو شەوەدا بەرەو ئێران بەرێ کرایەوە.

حەوتووی رابردوو حەوتوونامەی نیوزویکی ئەمریکا وتووێژێکی لەگەڵ جەعفەری سەبارەت بە ئێرانییە گیراوەکەی هەولێر پێك هێناکە ئەویش لەو بارەیەوە بۆ یەکەم جار وتی لە شوێنێك خەریکی پشوودان بووین کە ئێمەیان لە چالاکیی سەربازیی ئەمریکاییەکان ئاگادار کردەوە. بەڵام ئەو دەڵێ بۆ هەڵاتن لەوێ پەلەیەکی نەکردوەو لە کاتی خۆرهەڵات دا لەو رێگایەی کە پێیدا هاتبووین گەڕاینەوە. تەنانەت لە نێوان رێگادا بۆ نانو چایی بەیانی لە شوێنێك راوەستاین. لە درێژەدا دەڵێ من بە شێوەی نهێنی لەوێ نەبووم بەڵکوو لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە بانگهێشت کرا بووم.

<u>چوونە سەری پلەو بەرپرسیارەتی</u>

شاندی زیاتر لە ٣٠ی وڵاتی جیهانی لە بەرواری ٣ مەی ٢٠٠٧ لە "شرم الشیخ" کۆبوونەوە تا رەنگە سەبارەت بە کێشەکانی عێراق وتووێژ بکەن بۆ ئەوەی رێگاچارەیەك بدۆزنەوە.

شاندی ئەمریکا بریتی بوو لە کاندۆلیزا رایس وەزیری دەرەوەو چەند کەسی دیکە کە لە بەرامبەر ئەواندا وەڤدی ئێرانیو محەمەد جەعفەری کە یەکێك لە ئەندامانی ئەو شاندە بوو دانیشتبوو. ئەوە یەکەمین دانیشتنی نێوان جەعفەری وەك دیپلۆماتێك لەگەڵ دیپلۆماتەکانی رۆژئاوایە. ناوبراو لە ساڵی رابردوودا وەك جێگری ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوەیی ئێران واتە عەلی لاریجانی دیاری کرا کە لە هەمان کات دا بەرپرسی پێوەندیو وتووێژ لەگەڵ رۆژئاوایە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دا. چوونە سەری پلەی محەممەد جەعفەری وەك دیپلۆماتێك لە نفوزی سەرۆك کۆماری ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەحمەدی نژادیش ئەندامی سپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بووە کە جەعفەری لەودا چالاکیی هەبووە.

بەشداریی جەعفەری وەك یەکێك لە ئەندامانی شاندی ئێرانی لە کۆنفرانسی "شرم الشیخ"دا لە راستیدا گاڵتەکردن بە ئەمریکا بوو. لە وتووێژ لەگەڵ نیوزویك دا جەعفەری پاسداری کۆنەکاری دوێنێو دیپلۆماتی ئەمرۆ دەڵێ: ئەمریکاییەکان لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون بۆ وتووێژ لەگەڵ ئێران شانسێکی گەورەیان لە دەست دا. ئێمە ئامادەین لە پێوەندی لەگەڵ عێراقو بۆ دابین کردنی تەناهی لەو وڵاتەدا هاوکاری بکەین. هاوکات لەگەڵ ئەو قسانەدا دەڵێ: ئەگەر بمانهەوێ بە دژی ئەمریکا کار بکەین باش دەزانین کە لە چ رێگایەکەوە ئەو کارە بکەین. ئەو قسانەی سەحراوودی دەرخەری تێرۆریست بوونی ناوبراو کە لە جلکی دیپلۆماتیش دا ناتوانێ بیشارێتەوە.

<u>چاوخشاندنێك بەسەر تێرۆری کوردەکان لە ڤییەن</u>

لە ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا لە لایەن یەکێك لە تیمەکانی تیرۆری کۆماری ئیسلامییەوە کە جەعفەر سەحراوودی بەرپرسی بوو بەرێوە چوو، دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو دوو کەس لە هاورێیانی گیانی خۆیان لە دەستدا.




ئەم بابەتە بەشێکە لەو راپۆرتەی حەوتەنامەی پرۆفیل بڵاوی کردۆتەوە.

**وەرگێرانی بۆ فارسی:**
**کیومەرس شەسەواری**
**وەرگێرانی بۆ کوردی:**
**سۆران شێرزاد**

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# فەندەمینتالیزم و هۆیەکانی سەرهەڵدانی

سابیر قادری

فەندەمینتالیزم (fandametalism) یەکێك لەو دیاردە دزێوانەیە کە بۆتە لەمپەر لە بەرامبەر گەمەی نەزمی نوێی جیهانی کە حاڵەتی گلۆبالی بە خۆیەوە گرتووە و هەروەها بۆتە کۆسپیش لەبەر دەم یاسا نێونەتەوەییەکان و سەقامگیریی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهاندا. لە یەکەم پێناسەدا دەتوانین فەندەمینتالیزم وەك دیاردەیەکی دژ بە مۆدێرنیتە و نوێگەرایی ناودێر بکەین. تا ئێستاشی لەگەڵ بێ پێناسەیەکی وردو زانستیانەی بۆ نەکراوە و زۆرتری شرۆڤە کردنەکان سەبارەت بەم دیاردەیە بریتی بووە لە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و هەڵوێستی کەسایەتی و تاك و دەوڵەتەکان بەجۆرێك کە لە تەك بەرژەوەندییەکانیان هاوتەریب و گونجاو بێ. لە لایەکی‌تر خوێندنەوەی ئەم بابەتە تەنیاو تەنیا لە چوارچێوەی ئایین بەتایبەت لە شکڵی ئیسلامیی خۆیدا وەك سەرچاوەو ژێدەر، بۆتە هۆی سەقەت بوونی لێکۆڵینەوەکان و دژکردەوەی لایەنە ئایینی و ئیسلامییەکان و ئاڵۆزتر کردنی بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی و لە ئاکامدا نەدۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە.

بە خوێندنەوەیەکی کورد لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەردەکەوێ کە گرێدان و بەستنەوەی ئەم دیاردەیە بە ئیسلام، خوێندنەوەیەکی ناتەواو و سەقەت و تەنانەت چەواشەکارانەیە و دەتوانێ مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆری لە پشت بێ. لێکۆڵینەوەکان ئەو فەندەمنتالیزمی جۆری بن لادن و تالیبان ئەگەرچی دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری نێوخۆیی بوو بەڵام گاریگەریی وڵاتانی رۆژئاوا لە پەرەسەندنی و گەشەسەندنی ئەم گرووپانەدا کەمتر لە هۆکارە نێوخۆییەکان نەبوو. ەیان بە ڕوونی دەرخستووە کە بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩١٨ـ ١٩١٠ ئەو کات کە گرووپێکی ڕادیکاڵی پڕۆتستان لە ئەمریکا خۆیان لە پڕۆتستانە لیبڕاڵەکان جیا کردوە کە بەهاکانی مودێرنیتەیان پەسەند کردبووو خوازیاری چاکسازیی ئایینی بوون. ئەم گرووپە مودێرنیتەی وەك ئامێرێك بۆ بنبڕکردنی مەسیحیەت و ڕێژەگەرایی و وەك دژکردەوەی مودێرنیتە لە ئاست ڕەهاگەرایی پڕۆتستانی دا سەیر دەکرد.

بەکورتی تایبەتمەندیی ئەم جووڵانەوەیە بریتی بوو لە نەبوونی مەیل بۆ کرانەوە و دژایەتی لەگەڵ دیاردە نوێیە جیهانییەکانی وەك مۆدێرنیتە و لیبرالیزم و پابەندیی رەها بە یاساکانی ئینجیل. فەندەمینتالیزم لە ئایینی یەهودا دەوری سەرەکیی لە پەرەسەندنی جوڵانەوەی گوش ئامۆنیم گێڕا.

ئەم جووڵانەوەیە لە دەیەی ١٩٧٠ لەلایەن دەستەیەك لە لاوانی ریش و کڵاوبەسەرو کتێب بەدەست دامەزرا. ڕزگاریی نیشتمان لە لایان بەرابەر بوو لەگەڵ جێبەجێکردنی هەموو یاساکانی تەورات ئەویش لە ڕێگای بەهێزکردنی سوپا لەڕووی ئایینی و ڕێزگرتن لە تەورات و پەرەپێدانی قوتابخانەکانی ئایینییەوە. ئەم ڕەوتە بە چەند شتێك پەرەی سەند کە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان تەواوی تان و پۆی ژیانیان قۆرخ کردبوو. ئەم گرووپە دژایەتیی یەهودییە لیبراڵ و ئۆرتۆدۆکسەکانی دەکرد بەهۆی ئەوەی کە ئۆرتۆدۆکسەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ڕزگاریی هەموو خاکی ئیسرائیل ناکۆکە لەگەڵ یاساو فەرمانەکانی تەورات و هەروەها دەبێتە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ. پەرەپێدان بە فیکرییەتی بونیادگەرایی لە تاك بۆ نێو کۆمەڵ لەلایەن ئیسرائیلییە توندڕەوەکانەوە ڕیشەی لە بۆچوونەکانی خاخام کوك (ڕێبەری مەعنەوەی جووڵانەوەی گوش ئامۆنیم) دایە کە بریتیە لە پێشەنگی لە زیندووکردنەوەی یەهودییەت و قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕییەکانی نەوەی ڕابردووی یەهود لە ڕێگای پێداگری لەسەر لایەنی سیاسی و ئایینی.

ڕووداوی کارەساتباری مزگەوتی بابر لە هیندوستان و پارتی جاناتای هیندوستان و ڕێکخراوی ئیخوان و کۆمەڵی ئیسلامی ئەلجەزایر نموونەی بەرچاوی فەندەمینتالیزمی ئایینی لە ئایینە جۆراوجۆرەکاندایە کە خاڵی هاوبەشی هەموویان خوێندنەوەیەکی تایبەتی‌یە لە ئایین بێ‌لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن بانگەشە بۆ گەڕانەوە بەرەو بنەماکان و یەقینگەرایی و تێکەڵ کردنی ئایین و دەسەڵات و.... ئەم نموونانە دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە ئەم دیاردەیە لە هەموو ئایینە ناسراوەکاندا کەم و زۆر لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەت دا سەری هەڵداوە. لەم سۆنگەیەوە فەندەمینتالیزم بریتیە لە کۆمەڵێك یاساو ڕێسای وەحیانی بۆ گوزەرانی مرۆڤایەتی کە ریشەیان لە ئایینێکدا هەیە بە مەبەستی مونوپۆلیزە کردنی حەق.

ڕووداوی ١١ی سێپتامبر ئەو دەسپێکە کتوپڕ بوو ـ بۆ دژایەتی و بنبڕکردنی فەندە مینتالیزمی ئیسلامی ـ فەندەمینتالیزمێك کە خۆی بەرهەم و دەستکردی ئەو هێزانە بوو کە دواتر دژایەتییان کرد. سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە ئایینی ئیسلامدا ڕای جیاواز هەیە. هێندێك لە خاوەنڕایان لە سەر ئەو باوەڕن کە ئەم دیاردەیە لە سەرەتای سەدەی ١٩ەوە سەری هەڵداوە واتە دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی مودێرنیتە و مۆدێرنیتە وەك هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیە پێناسە دەکەن کە هاوکاتە لەگەڵ جووڵانەوەی سەلەفی‌خوازی سەید جەماڵەدین ئەفغانی. ژمارەیەکی دیکە لە خاوەنڕایانیش دەیگەڕێننەوە بۆ دەیەکانی چوارەمی سەدەی ١٨ واتە سەردەی سەرهەڵدانی بیرو تیۆریی وەهابیزم لە لایەن محەممەد بن عەبدولوەهاب و تەنانەت هێندێکیش سەردەمی خلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالب واتە "خوارج" بە دەستێکی مێژوویی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی دەزانن.

خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە فەندەمینتالیزمی ئایینی بە گشتی و فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بە تایبەتی بەردەوام بۆتە هۆی مشتومڕ لە نێوان زانایانی ئایینی و دەسەڵاتداران و توێژەران بەگشتی و ئەم دیاردەیە ـ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی ـ یا وەك جووڵانەوە یا بیروباوەڕ جێگای شرۆڤە کردنە.

ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی گشتگیر باس لەم دیاردەیە بکەین دەتوانین بڵێین: فەندەمینتالیزم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە. واتە دیاردەیەکە لە ئاکامی ناکۆکییە ئاراییەکانی نێوخۆی کۆمەڵگا یا لە ئاکامی گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان (هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان) هاتۆتە گۆڕێ، پێناسە بکەین. یا دەتوانین بڵێین دیاردەیەکی ئایینی‌یە و لە ڕوانگەی ئایینەوە شرۆڤەی بکەین. واتە لایەنگرانی ئەم بیرو جووڵانەوەیە هەموو کارو کردەوەکانیان لە پێناو"مقدسات" و بۆ جێبەجێ کردنی یاسا خواییەکان لەسەر زەوی دەگەڕێننەوە. ئەوان خۆیان بە نوێنەرانی خواو بۆچوونەکانی دەزانن و دنیا بە دوو گروپی دیندارو کافر دابەش دەکەن و دەرباز کردن و بە جێگەیاندنی ئەم حاڵەتەیان واتە پاك کردنەوەی جیهان لە ستەمکاران و بێ‌دینان وەئەستۆ گرتووە و بەم شێوە دەتوانین بڵێین مونوپولیزە کردنی دینیان مەبەستە. یا دەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی سیاسییە: بەهۆی ئەوەیکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو گرووپانە بەرنامە، ئامانج و ستراتیژی سیاسی تایبەت و ڕوپۆشکراو بە ئاینیان هەیە و هەریەکەیان بە جۆرێك بۆ وەدیهینانی ئەو ئامانج و بەرنامانە خەبات دەکەن.

واتە فەندەمینتالیزم بریتی‌یە لە ئاڵقەیەکی پێوەندیدار بە لایەنی سیاسی، ئابووری و دینی و کۆمەڵایەتی و....

یەکێك لەو چەمکانەی کە زۆرتر لە کاتی باسکردن لەسەر ئەم دیاردەیە دەبیسرێ، ئامرازگەریی و بە کەرەسە کردنە. واتە بەکارهێنانی ئەم گرووپانە لە لایەن دەوڵەتانی هەرێم یا جیهان بە مەبەستی تایبەت.

فەندەمنتالیزمی جۆری بن لادن و تالیبان ئەگەرچی دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری نێوخۆیی بوو بەڵام گاریگەریی وڵاتانی رۆژئاوا لە پەرەسەندنی و گەشەسەندنی ئەم گرووپانەدا کەمتر لە هۆکارە نێوخۆییەکان نەبوو. نیۆ فەندەمینتالیستەکان بە ڕێبەراتیی ئەلقاعیدە و تالیبان بە هاوکاریی و پشتیوانی فەندەمینتالستە کۆنەکان واتە لایەنگرانی و دامەزرێنەرانی تێوریی وەهابیەت و CIA و ISI پاکستان و هەروەها بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕێبازی گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان وەك ئیخوان و بەرەی جیهادی میسرو ئەلجزایرو... سیمایەکی گلۆبالیان لە خۆیان پێشکەش کرد.

دەکرێ بڵێین دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دەستپێکی شەڕی سارد ـ وڵاتانی سەرمایەدار بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ بیری مارکسیزم و لاوازکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت دەستیان دایە بە ئامراز کردن و کەڵك وەرگرتن لە گرووپە ئیسلامییەکان ئەوە لە کاتێکدا بوو ئەم بنکە هێزەکییەی جیهاد واتە ئەفغانستان لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەت داگیرکرابوو ـ بوو بە ناوەندی چالاکیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەم دژایەتیە. ئەمە لە بەرژەوەندی هەر دوو لایەنی ئەم گەمەیەدا بوو. واتە گرووپە ئیسلامییەکان دەرەتانی ڕێکخستن و بەهێز بوون و لە ئاکامدا گرتنە دەستی دەسەڵاتیان بۆ ڕەخسا بوو بەم چەشنە لە ئاواتە لە مێژینەکەیان (پێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامی) نزیك دەبوونەوە ـ هەروەها پلان و پیلانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواشی وەدی دەهێنا. هەر بۆیە بەدانی یارمەتیی ماددی و مەعنەوی و لۆژستیکی و دانانی قوتابخانە ئایینییەکان بەردی بناغەی فەندەمینتالیزم نوێیان دانا.

دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئیتر ئەو بایەخ و کاراییەیان نەماو بەم پێیە لە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بێ‌بەهرە بوون. ئەمە قۆناغی دووهەم واتە قۆناغی قەیران لە لایەك و "پشت بە خۆ بەستن" بوو لە لایەکی‌تر هەر بۆیە ڕێبەرانی ئەم گرووپانە کەوتنە ڕێکخستن لە تەواوی جیهان و پێی بە پێی مۆێرنیتە و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا ئەم دیاردەیەش گەشەی کرد. لە ڕوانگەی چەپەکان فەندەمینتالیزمی جۆری بن لادن بریتیە لە ئامرازێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو قەیران و بۆشاییەی کە تووشی نیزامی سەرمایەداری بووە.

لە ڕوانگەی زانایانی ئاینی و ئیسلامی چەمکگەی فەندەمینتالیزم و ئیسلام دوو چەمکی لێك جیاوازن و دەبێ بە جیا پێناسە بکرێن و گرووپێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە فەندەمینتالیزم چەشنێك لە ئیسلامیزمە کە لە پۆلین بەندی‌دا دەیخەنە بازنەی سەلەفی‌خوازی و ئیسلامی ڕادیکال.

بە سەرنجدان بەو ڕاستیە کە زۆربەی هەرە زۆری بزاڤە فەندەمینتالیتەکان لە وڵاتێك کە بە جۆرێك تێکەڵاوی ئایین و دەسەڵات وەك سیستمی حاکم ـ حوکم دەکات، سەریان هەڵداوە ئەوە لە کاتێکدایە لە سیستمی سیکولارەکاندا بە دەگمەن نەبێت وەها حاڵەتێك ڕووی نەداوە و ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئایین ڕۆڵی هەرە سەرەکیی دەگێڕێ لە گەمەی فەندەمنتالیزمدا. بە کورتی فەندەمینتیالیزم بریتیە لە کۆمەڵە هۆکارێکی دەرەکی و نێوخۆیی کە لە هەموو ئایینەکاندا لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەت کە سەری هەڵداوە و بەردەوام لە دژایەتی دابووە لە گەشەسەندن و پێشکەوتن و بە تایبەتمەندی گەلێك وەك گەڕانەوە بۆ رابردووو دەقەکانی ئایین، بێ‌بایەخ نیشاندانی شوێن و کات، ڕواڵەتگەریی بێ‌سنوور ـ تاپۆ کردنی حەقیقەت، توندوتیژی و تێکەڵ کردنی سیاسەت و ئاین خۆی پێشکەش بە دنیای مودێرن کردوە.

سەرچاوە:

فەندەمینتالیزم گرفتگای مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا / جوزیف ئارکیفیر

فەندەمنتالیزم کامەران حەمە سەعید

تیرۆرو تیروریزم کارزان محەممەد



**فەندەمنتالیزمی جۆری بن لادن و تالیبان ئەگەرچی دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری نێوخۆیی بوو بەڵام گاریگەریی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە پەرەسەندنی و گەشەسەندنی ئەم گرووپانەدا کەمتر لە هۆکارە نێوخۆییەکان نەبوو.**

**دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دەستپێکی شەڕی سارد ـ وڵاتانی سەرمایەدار بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ بیری مارکسیزم و لاوازکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت دەستیان دایە بە ئامراز کردن و کەڵك وەرگرتن لە گرووپە ئیسلامییەکان**

# بەراورد کردنی تایبە تمەندییە دەروونناسییەکانی ژنانی تایبەت لەگەڵ ژنانی ئاسایی

ن. فەریدە غائب

و. حەلیمە رەسووڵی




ژنانی تایبەت لە ئەزموونی دووپاتکراوە، کارگەلی ئاسایی‌و ئەو کەسانەی کە بە سانایی پێش بینی دەکرێن بێزارن‌و لە کاتی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم چەشنە بارودۆخانەدا، بە بێزاری‌و بێ سەبرییەوە پەرچەکردار دەنوێنن. ئەوە ئاکامی لێکۆلینەوەی سێ دەروونناس لە سەر ٦٠ ژنی تایبەتە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٣٥ ساڵی دایەو بەراورد کردنی ئەوە لەگەڵ ٦٠ ژنی ئاسایی هەر لەو تەمەنەدا وەدەری دەخا کە ئاستی هەژانخوازیی دەروونی لەو ژنانەدا بە بەراورد لەگەڵ ژنانی ئاسایی زۆر بەرزترە. لەو لێکۆلینەوەیەدا ئاستی هەژانخوازی بۆ هۆکاری ژنیتیکی‌و ژینگە ناسی گەڕێندراوەتەوەو باسی ئەوە کراوە کە ژنانی تایبەت بە هۆی ژنیتیکی‌و ژینگە ناسی رادەی خۆراگریی زیاتریان لە چاو ژنانی ئاسایی هەیە.

ئەم چەشنە ژنانە ماجەراخواز، ئۆگری رەگەزی بەرامبەر، کۆگەران، زوو دەهەژێن‌و متمانە بە خۆن‌و لە پڕ را کارێك دەکەن.

هەستی بی بایەخی‌و نزم بوونی دەروون بەرزی یەکێك لە هێما ئاشکرا کراوەکانی ژنانی تایبەت لە بەرامبەر ژنانی ئاسایی دایە. یەکێك لە هۆکارەکانی نزم بوونی دەروون بەرزیی ئەو ژنانەو مەیلی ئەوان بە لەشفرۆشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونەکانی ژیانی رابڕدوویان. بە چەشنێك کە ئەم لێکۆلینەوەیە هەستی بێ بایەخی‌و لە خوار بوونی دەرون بەرزی لەوان دا بە شوێن رووداوێکی ترۆماتیك دا (کەڵکی خراپ لێ وەرگیرانی سێکسی) بە یەکێك لە هۆکارە دەروونناسییەکانی دروست کردنی بەستێنی مەیلی لەشفرۆشی لە تاك دا لە قەڵەم دەدا.

ژنانی تایبەت بە هۆی بارودۆخی نالەباری بنەماڵەیی، ئاڵودە بوونی دایك‌و باوکیان بە مادە هۆشبەرەکان، نەبوونی سەرپەرست، یان توندوتیژیی ئەوان‌و هەروەها ساردیی پێوەندیی خۆشەویستیی ئەوان لەگەڵ دایك‌و باوکیان، وازهێنان لە خوێندن، لاوازیی کولتووری، نەبوونی توانای سازکردنی پێوەندیی کۆمەڵایەتی، وەرگیرانی کەڵکی خراپی سێکسی لەوان، (لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە یان خەڵکی دیکە)، هەست بە کەمایەسی دەکەن‌و مەزنایەتیی دەروونیان لە خوارەوەیە. هەروەها زۆربەی ژنان‌و کچانی سەر شەقام، روانگەیەکی نەرێنی‌یان لە جەستەی خۆیان هەیەو لە خۆیان بێزارن. یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ مەیل‌و ئۆگریی ژنان بە لەشفرۆشی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، رادەی بەهرەی فیکریی ئەوانە.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ژنانی تایبەت بە هۆی نزم بوونی رادەی زیرەکی، لاوازیی توانای هەڵسەنگاندن‌و لە ئاکامدا شارەزایی کەم لە بوارەکانی دا، لە رووبەروو بوونەوە لە گەڵ پرسەکان‌و گرفتەکان دا تووشی لەشفرۆشی‌و بەلاڕێدا چوون بوون. ئاکامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەری دەخا کە ٤٠ لە سەدی ژنانی تایبەت ئاستی زیرەکییان لە رادەی دواکەوتوویی (زەینیی) لاواز دان.

کازمی رەسووڵ زادەی تەباتەبایی، عەباسی ئەڵڵا یاری دەروونناس‌و ئەندامی لێژنەی زانستیی زانکۆی بارهێنانی وانەبێژو هەروەها شەهربانوو کامەرانی فەکوور، پسپۆری باڵای دەروونناسی بەم چەشنە باس لە ئامانجەکانی تاوتوێ کردنی بەراوردکارانەی تایبەتمەندییەکانی ژنانی تایبەت لەگەڵ ژنانی ئاسایی دەکەن کە هۆکاری لەشفرۆشی تەنیا لە دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا کورت نابێتەوە بەڵکوو بە هۆکاری دەروونی وەك مەیل بە جۆراوجۆریخوازی‌و لاوازی شوناسی‌و رەوشتی‌و ئاڵۆزبوونی شوناس لەودا کار تێکەری‌یان هەیە.

# درۆزنی یان شەڕ لەگەڵ خۆکردنێکی ناژیرانه

و: شلێر باپیری



لە سەرانسەری جیهان‌و بە درێژایی مێژوو بەتایبەت لە رۆژگاری ئێستادا- ئایا یەکێك یان گرووپێك لە نێو کۆمەڵگاکەی خۆی، یا فراوانتر لەوە لە پانتایی جیهاندا، هەڵ دەکەوێ لە ئامانجەکانی دا خوازیاری سەرکەوتن‌و لە ئاکامیش دا سەربەرزی نەبێ؟ بێگومان نا. کەسانێك روودەکەنە زانست‌و لێکۆڵینەوە، هەشە خەریکی وێنەو پۆرترێتە. هێندێکیش لە لقە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیدا هەوڵ دەدەن. هێندێ کەس لە بوارە جیاجیاکانی وەرزشی لە پێشبرکێ دان.

کەسانێکیش تەواوی ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە کلتوورو ئەدەبی نەتەوەی خۆیان تەرخان دەکەن‌و هەموو ئەوانە وێڕای خزمەت بە هاوشێوەکانی خۆیان بەردەوام حەز دەکەن لە کەسانی دیکەو لە نێو رێبوارانی سەرکەوتووی رشتەی خۆیان دا لە سەرەوەبن.

درۆزنەکانیش، چ بە شێوەی تاك‌و چ وەك ئەندام لە یەك رێکخراوی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هتد... دا دەیانەوێ کە سەرکەون‌و سەربڵیند بن‌و بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش جاری وا هەیە پەنا دەبەن بۆ درۆکردن، بەبێ ئاگا لەوەی کە لەم سەردەمەدا، بە پێشکەوتنی هەواڵ‌و بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان لە هەموو بوارەکانی لە سەرانسەری جیهان دا، هەر رۆژەو هەر سەعات خێرایی گواستنەوەی زانیاری‌یەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی خەڵکی جیهاندا زیاد دەکاو زۆر خێراتر لە رابردوو راستی‌یەکان لە ژێر پەردەکان دێنە دەرێ‌و واقعییەتەکان دەکەونە دەست هەموومان‌و دەرئەنجامەکەی درۆزنەکان لە نێو خەڵکی خۆیاندا جگە لە بەدناوی‌و سەرشۆڕی شتێکی دیکەیان پێ‌نابڕێ. نابێ لەو مەسەلەیە بێ ئاگا بین کە تاکێك بێ ئەوەی پێوەندیی بە گرووپێك یان رێکخراوێکەوە هەبێ درۆ دەکا، تەنیاو تەنیا زیان بە شەخسیەت‌و بوونی خۆی بگەیەنێت‌و لەوانەیە بچووکترین زەرەری بۆ کەسانی دیکە نەبێت. بەڵام ئەوانەی بە نوێنەرایەتیی چەند لایەن‌و رێکخراوێك درۆ دەکەن، هەر تەنیا زەرەر بە شەخسیەتی خۆی ناگەیەنێ، بەکلۆو زیان بەو گرووپە یان ئەو رێکخراوەی پێوەندیی پێوە هەیە - ئەویش لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرینتردا - زیان دەگەیەنێ.

کەواتە بە وردبوونەوە لەو واقعییەتانەی کە پێشتر گوتران بە دڵنیایی‌یەوە دەکرێ بڵێین درۆزنەکان ناژیرترین کەسانی هەر کۆمەڵگایەکن. چونکە بە گرتنەبەری رێگایەکی نەزانانە بە کردەوە دەکەونە دژایەتی لە گەڵ کەسایەتی‌و ئیعتیباری خۆی یان گرووپ‌و رێکخراوەکەیان. چونکە درەنگ یان زوو پەردەیان لە روو هەڵ دەماڵێ‌و راستی‌یەکان دەردەکەون. دەسکەوتی ئەم جۆرە کەسانە یان ئەو رێکخراوانە جگە لە بەدناوی‌و سەرشۆڕی شتێکی دیکە نابێ. لێرە دایە کە دەبێ بڵێین: درۆ کردن جگە لە شەڕ لە گەڵ خۆ کردنێکی ناژیرانە شتێکی دیکە نیە.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## فێر کردن
## Education

هەم بە واتای پرۆسەی پەروەردەو بارهێنانی کۆمەڵایەتییەو هەم ئەو شتەیە لە نێو دامەزراوەکان دا روو دەدا. فێر کردن بە یەکێك لە بەتواناترین میتودەکان دەژمێردرێ کە دەوڵەت لە رێگای ئەوانەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌و جینسییەتییەکانی بەرهەمهێنان بەرهەم دێنێ. کاریگەریی تێکەڵاوی پێکهاتەی چینایەتی‌و جینسییەتی لەسەر کوڕان‌و کچان لە قوتابخانەکان دا یەکێك لە ماکە سەرەکییەکانی پێوەخەریکبوونی بیردۆزەی فیمینیستی‌یە کە ئامانجەکەی، چۆنیەتیی بەرهەمهێنانەوەی بندەستیی ژنان لە قوتابخانەکان دایە (howe و 1975).

بە پێی بیردۆزەی فیمینیستی، راگوێزرانی کولتوورو زنجیرە پلە (هیرارشی)ی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان، خۆی لە خۆی دا جیاوازییە جنسییەتییەکان بەرهەم دێنێ. فیمینیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم بۆ دەستراگەیشتنی وەکیەکی ژنان بە فێرکردن‌و، لە دژی بەدەستهێنانی بە جیای پسپۆرییە ژنانەکان، خەباتیان کرد. فیمینیستە هاوچەرخەکان دەڵێن سیستەمی فێر کردن بۆ خۆی لە رێگای کلێشەیی کردنی جنس - رۆڵ‌و کەڵکوەرگرتن لە بەرنامەیەکی شاراوەی فێر کردن که گرنگی‌و بایەخ بۆ ئۆگرییەکانی کوڕان دادەنێ، کچان دەخاتە بارودۆخێکی نەخوازراوەوە ( Deemو1978 ). دیل سپێندێر دەڵێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر بەرەکەتی سیستەمی فێرکردنی جنسگەڕای ئێمە کە تا ئەم دوایانە پێمان وابوو هەڵاواردنی جینسی، بابەتێکی نوێ لە فێر کردن دایە ( Spenderو1982 ).



فیمینیستەکان کە پێکهاتەو مێتۆدی بنەرەتیی فێرکردنیان هێناوەتە ژێر پرسیار، نابەرامبەرە جینسی‌یەکانی فێرکردن، راستەوخۆ دەبەنەوە سەر بندەستیی گشتیی ژنان کە پیاوان، هۆکاری ئەم بندەستییەن.

زۆر بەدیل (جێگرەوە)ی فیمینیستی بۆ بەرنامەی فێرکردنی پیاو سەردار هەیە.

ویرجینیا وۆلف لە [کتێبی] "Three Guineas (١٩٣٨) دا داوای لە ژنان کرد تێکەڵ بە سیستەمی فێر کردن نەبن ( 1938و Wodf).

فیمینیستە هاوچەرخەکان ستایشی ئەو سەرمەشقە ژنانەیە دەکەن کە هاندەری ئەزموونی ژنان وەك جێگرەوەیەك بۆ مێتۆدەکانی فێرکردنی فەرمین (1979B و Rich ).

فیمینیزم لە رێگای بەرهەڵست بوونەوەی تەعبیرە پیاوانەکان لە بیردۆزەو پراکتیکی فێرکردن‌و، هەروەها لە رێگای دژایەتی لەگەڵ باڵادەستیی پیاوانە لە سیستەمی فێرکردن دا، کاریگەری لەسەر فێرکردن دادەنێ.

سەرچاوە: کتێبی فرهنگ نظریەهای فمنیستی (قامووسی بیردۆزە فیمینیستی‌یەکان)، دانانی مەهام‌و سارا گەمبڵ

وەرگێرانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرح قرەداغی

لاپەری ١٣٧

لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 469   5 Sep  2007

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ۰۰۹۶۴۷۷۰۱۹۰۱۶۵۸

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


### بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە سویس، ئەڵمان و بریتانیا

## ڕێپێوان بۆ مەحکووم کردنی حوکمی ناڕەوا بەدژی عەدنان و هیوا بەڕێوەچوو








ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ئەڵمان، سویس و بریتانیا لە ڕێپێوانێك دا کە لە شارەکانی فرانکفۆرت و بێرن و لەندەن بۆ مەحکووم کردنی حوکمی داسەپاو بەسەر عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیماردا، بەڕێوەچوون، چالاکانە بەشدار بوون. هەواڵی تایبەت بەم سێ ڕێپێوانە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا خراوەتە بەر چاوی خوێنەران.

## بۆ ڕێز گرتن لە قوتابیان و خوێندکارە سەرکەوتووەکان ڕێورەسمێك پێك هات





ڕێکەوتی ٥ی خەرمانان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب ڕێورەسمێك بۆ ڕێزنان لە قوتابی و خوێندکارە سەرکەوتووەکانی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٦و مامۆستاکانیان پێك هات.

لەو ڕێورەسمەدا کە لەلایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبەوە پێك هاتبوو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و خوێندکارانی کەمپەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان، کۆمەڵێك لە مامۆستایان و بەرپرسانی پەروەردەی کۆیە و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەشدار بوون. ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمەکە بریتی بوون لە:

ـــ پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی لەلایەن کاك محەممەد ڕەسووڵ حەسەنپوور.

- ڕاپۆرتی کۆڕی پەروەردەی حیزب لەسەر کارو چالاکییەکانی لەلایەن کاك جەعفەر ئوستادرەحمانی.

ـــ پەیامی هاوبەشی بنەماڵەکانی قوتابی و خوێندکارە سەرکەوتووەکان لەلایەن خاتوو کوێستان فتوحی.

ـــ پەیامی خوێندکارە سەرکەوتووەکان لەلایەن خاتوو ڕۆژە عەزیزی.

ـ خەڵات کردنی قوتابی و خوێندکارە نموونەکان و بەخشینی دیاری بە قوتابیانی سەرکەوتوو.

- ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی بەشی وەرزشی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردن لەلایەن کاك فەرشید محەممەدی.

شایانی باسە لە نێوئاخن و کۆتایی ڕێورەسمەکەدا چەند سروودو گۆرانی و تابلۆی هەڵپەڕکێ لەلایەن کاك فەرهاد ساڵحی، ئازاد نادری و تیپی هەڵپەڕکێی هەنار پێشکەش کران.

## بەشداریی کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێژنی ساڵانەی حیزبی کۆمونیستی ئوتریش

لە ڕۆژانی یەك و دووی مانگی سێپتامبر کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش زۆر چالاکانە لە جێژنی ساڵانەی حیزبی کۆمونیستی ئوتریش (فوڵکس شتیمە فێست) لە شاری وییەن بەشداریی کرد. لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا ستاندی حیزب بە شێوەیەکی زۆر ڕێكوپێك وجوان پێشانی بەشدارانی ئەم جێژنە درا.

دروست کردنی نان و کەلانەی کوردی، برژاندنی گۆشت و کەباب لە گۆڕەپانی بەردەم ستاندی کۆمیتە لە لایەن ئەندامانی حیزب کارێکی وای کردبوو کە ستاندی حیزب یەکێك لە سەرنجراکێشترین ستاندەکانی ئەم دوو ڕۆژە بوو. پێویستە بگوترێ کە لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك سەردانی ستاندەکانەیان کردو لە سەر وەزعیەتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ هاوڕێیانمان دەکەوتنە ئاخاوتن.

بەشێك لە هاوڕێیان بە ڕوونکردنەوەی پێویست و وڵامدانەوەی پرسیاری بەشداران توانیان لەگەڵ خەڵکێکی زۆری بەشدار لەو جێژنەدا پێوەندی ڕاستەوخۆ بگرن.

جێگای سرنجە کە زیاتر لە سەدهەزارکەس لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا لە هەموو نەتەوەکانی دونیا سەردانی شوێنی جێژنەکە دەکەن. بێجگە لە سەردانی خەڵکێکی زۆری خاریجی ستاندی کۆمیتەی حیزب جێگای بە یەکگەیشتنی کوردستانیەکانیش لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا بوو، بە جۆرێك کە بەشێکی زۆری کوردستانییەکانی دانیشتووی شاری وییەن سەردانی ئەم ستاندەیان کرد.



## چاپکراوی نوێ

کتێبخانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەر جارەی بە بەرهەمی نوێی ژمارەیەك لە نووسەران، وەرگێڕان و قەڵەمبەدەستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوڵەمەند دەبێت. لەم دواییانەدا دوو کتێبی تازە بە دیاری گەیشتنە کتێبخانەکەمان کە بریتین لە:

هەواڵنووسیی مۆدێڕن، لە نووسینی: د. یونس شوکرخاە، وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی.

ئەم کتێبە لە ٩٦ لاپەڕە پێك هاتوە، بنکەی توێژینەوەی دەزگای موکریانی بڵاوی کردۆتەوەو لە چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپ بووە.

ئەزموونەکانی مودیرییەتی فەرماندەهی، نووسینی: برایم چووکەڵی.

نووسەر لە توێی کتێبێکی ١٠٠ لاپەڕەیی‌دا کە لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، ئەزموونەکانی خۆی وەك فەرماندەرێکی نیزامی (ی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان) خستۆتە بەرچاوی خوێنەران.






### مرواریی دەریای وشە

ـ ژووری بێکتێب وەك جەستەی بێگیان وایە. (سیسرۆن)

ـــ گومان بەقەرا زانین بە لای منەوە ڕاکێشەرە. (دانتێ)

ـ مرۆڤەکان تەنیا لە شتێکدا هاوبەشن، ئەویش جیاوازبوونە. (رابێرت زەند)

ـ ئەو کەسەی بیر ناکاتەوە، بەدەگمەن دەمی خۆی دەبەستێ. (هاوارد و. نیوتون)

- یەکەمین نیشانەی مرۆڤی بەڕاستی گەورە، خاکەڕایی‌یە. (جان ڕاسکین)

## بەر لەماڵاوایی

## زامی بە ناسۆری قاڕنێ

**قادر وریا**

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩ی ئاگوستی ١٩٧٩)، دوای ئەوەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئێران بۆیان دەرکەوت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە نین دەست لە داخوازە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانیان هەڵ بگرن، ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی فەرمانی جیهادی لە دژی ئەو خەڵکە ڕاگەیاند. خومەینی هەموو هێزەکانی ڕێژیمەکەی بۆ هێرشبردنە سەر کوردستان دەنگ داو شارو گوندەکانی کوردستان لە هەواو زەوییەوە کەوتنە بەر پەلاماری شەڕێکی نابەرامبەر. بەڵام هێرشی لەشکریانی ڕێژیمی تازە لەگەڵ زەبرە حەماسی‌یەکانی هێزی پێشمەرگەو خۆڕاگریی خەڵکی مافویست و ئازادیخوازی کوردستان بەرەو ڕوو بوو. ئەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە دابەشینی ئیداریی ئێران دا بە پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناودێر کراوە، یەکێك لە گۆڕەپانەکانی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە لەشکری پەلاماردەر بوو. دەسەڵاتی تازە بە یارمەتیی دەست و پێوەندە خۆجێییەکانی هەر لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ەوە کەوتبووە هەوڵی وەڕێخستنی شەڕی قەومی لەنێوان دوو گەلی برا کوردو ئازەری لەم ناوچەیەدا کە بەداخەوە شەڕی دڵتەزێنی نەغەدەی لێکەوتەوە.

شکستە یەك لە دوای یەکەکانی پاش دەرکردنی فەرمانی جیهاد، بووە هۆی ئەوەدەمڕاست و بڕیار بەدەستانی دەسەڵاتی تازە لەو ناوچەیە، چاری کاری خۆیان و ڕێژیمەکەیان لەوەدا ببینن کە وێڕای پەرەپێدانی ناکۆکییە قەومی و مەزهەبییەکان، خەڵکی گوندەکانی کوردستان کە پێگەو پەنای ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بوون، چاوترسێن بکەن. قەڵاچۆی دانیشتووانی گوندە کوردەکان بەهۆی هێندێك چەکداری نائاگای ئازەری زمان و لەژێر پشتیوانیی تانگ و تۆپی ئەرتەشدا، بەشێك لەو پیلانە درێوە بوو. کوشتاری بەکۆمەڵی دانیشتووانی ئاوایی "قاڕنێ" بە خاڵی دەستپێکی ئەم پیلانە بەربڵاوە دەژمێردرێ کە دواتر لە قەڵاتان، سۆفیان، سەرووکانی، ئیندرقاش، قەرەگۆل، سەوزی و سەرچنار، حەسەن لولان ، چەقەڵمستەفا، خەڵیفەلیان و زۆر شوێنی دیکە دووپات بۆوە.

"قاڕنێ" لە چەند کیلۆمیتریی شاری نەغەدەو لەسەر ڕێگای سەرەکیی پیرانشار۔ نەغەدە هەڵ کەوتوە. خەڵکی ئەم دێیە تا ئێستاش بۆ دابینکردنی پێویستی‌یەکانیان و بۆ کاروباری ئیداری هاتوچۆی شاری نەغەدە دەکەن و هەر لە کۆنەوە پێوەندی‌یەکی گەرمیان لەگەڵ دانیشتووانی ئازەری زمانی شاری نەغەدەو ناوچەکانی سندووس هەبووە. بۆیە کاتێك ڕۆژی ١١ی خەرمانان، بە سەدان چەکداری ژـ٣ لەشان و تەور بەدەست لەژێر پشتیوانیی چەند تانك و ماشێنی نیزامی ڕوویان لەم دێیە کرد، باوەڕیان نەدەکرد بەم بێڕەحمی‌یە بێوێنەیەو تەنیا بە تاوانی کورد بوون، قڕانیان تێ بخرێ و بە کۆمەڵ لەنێو ببرێن.

تاوانێك کە دوانیوەڕۆی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ (٢ی سیپتامبری ١٩٧٩) بەدەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و بە هاندان و پشتیوانیی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە قاڕنێ ڕووی‌دا، لەگێڕانەوە نایە. لەو ڕۆژەدا قاڕنێ بوو بە تاقیگەی جێبەجێکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی. هێزی پەلاماردەر هەرکەسێك دەستیان کەوت، هەر لە منداڵی گاوان و شوان تا ژن وپیاوی سەر موچە ومەزرا و پیرو پەك کەوتەی نێو ئاوایی، دایاننە بەر دەسڕێژی گوللە یا بە بیورو قەمە لەت لەتیان کردن. تەنانەت مامۆستای ئاوایی، مەلامەحموودی بێهتەرزادە کە قورئان لەسەر دەست چووە تکایان بۆ ئەوەی چی‌دی خەڵکی قاڕنێ نەکوژن، نەك هەر خاتری نەگیرا، بەڵکو کوشتیان و سەریان لە لەشی جیا کردەوە.

قاڕنێ لە ماوەی چەند کاتژمێردا بوو بە کوشتارگەی ٦٨ کەس لە دانیشتوانی و بەم تاوانەی دەرحەقی کرا، بوو بە ناسنامەی نەتەوەیەکی مافخوراو زۆرلێکراو کە بانگ و هاواری حەقخوازانەی بە دڵڕەقی‌یەکی بێوێنە وەڵام دەدرێتەوە.

قاڕنێ وەك دەیان گوندی هاوچارەنووس، وەك دایکە زامدارەکەی نیشتمان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا ئێستاش لەنێو یادی خەمینی ڕۆڵە بەناحەق کوژراوەکانی‌دا شەوو ڕۆژی دەخاتەوە سەر یەك. ئەگەرچی تا ئێستا هیچ ناوەندێکی نێونەتەوەیی دادی خەڵکی قاڕنێ و هەموو خەڵکی زۆرلێکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەپرسیوە بەڵام خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و دیکتاتۆری و بۆ بەدیهێنانی ئامانجی شەهیدەکانی هەر بەردەوامەو، ڕۆژ بە ڕۆژ بەگوڕتر دەچێتە پێش. سڵاو بۆ گیانی پاکی‌قوربانیانی ئەو تاوانە فەرامۆش نەکراوە. بە ئاواتی ئەو ڕۆژەی عامیلانی ئەم جۆرە تاوانانە و لە سەرووی هەموانیانەوە سەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەدرێنە دەستی عەدالەت و سزای ئەم تاوانانەیان لێ دەستێندرێتەوە.